## بەشی سێیەم: چەمکە سەرەکیەکاني کۆمەڵناسیی

١- کۆمەڵگا:

٢- کارلیك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

٣- بەکۆمەڵایەتیبوون:

٤- کولتوور و کولتووری هاوبەش

٥- بوونیادی کۆمەڵایەتی:(Social structure)

٦- دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان

٧- پێگە و رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان:

٨- گروپە کۆمەڵایەتییەکان:

٩- گردبوونەوە:(Crowd)

١٠- چینە کۆمەڵایەتییەکان :Social Classes

١١- دیاردەی کۆمەڵایەتی:

### 1-1- کۆمەڵگا:

زۆربەی تێروانینە تیۆرییەکان بەڕادەیەکی زۆر کۆکن لەسەر ئەوەی، کە بابەتی لێتوێژینەوەی کۆمەڵناسی، کۆمەڵگایە لەڕووی بونیاد و سیستم و ئەو دیاردانەی لەخۆیان دەگرێت، کە لێتوێژینەوەیان هەم لە رووی وەسفی هەمیش لەڕووی شیکارییەوە لەبارەوە دەکات بەمەبەستی گەیشتن بە چەند رێسایەکی گشتی و گشتگیر لەبارەیانەوە. ئەمە واتامەیدانی لێتوێژینەوەی ئەم زانستە لێتوێژینەوەی ژیانی تاکەکانە لە حاڵەتی کۆمەڵبوونیاندا و دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا، هاوکات لەگەڵ هاتنەکایەوەی چەندین دامەزراوە و رێسای رێکخراو بە مەبەستی راییکردن و رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان. بەشێوەیەکی گشتیش جەوهەری سەرەکی کۆمەڵگاکان لە خەڵکانێك پێکدێت، کە لە گشتێکی ئاڵۆزی چالاکی نواندندا بەیەکەوە بەستراونەتەوە. بەمشێوەیەش کۆمەڵگاکان گشتگیرو ئاڵۆزترین جۆر و نمونەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیین لەم سەردەمەدا .

وشەی کۆمەڵگا بە زۆری بۆ ناودێرکردنی گروپێکی تایبەتی خەڵك، کە لە دەوری یەکتری کۆبوونەتەوە و کەم تا زۆر کۆبوونەوەکەیان بەردەوام و جێگیرە لە شێوێنێکی دیاریکرودا، بەکاردەهێنرێت. لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانیشی بریتین لە: بەردەوامی و بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز لەنێوان ئەندامانیدا، کە بەسەر چەند دەستەیەکی وەك تەمەنی و رەگەزی و پیشەیی و چینایەتی جیاوازدا، دابەش دەبن. کەواتە و هەروەك لە سێ روانگەی جیاوازەوە لە کۆمەڵگا دەتوێژرێتەوە، ئەوا کۆمەڵگا:

**یەکەم:** کۆمەڵە کەسێکی کەم تا زۆر ڕێکخراون لەوەدا، کە خاوەن شێوازێکی تایبەتی ژیان (کولتوور)ن و ئەندامانی خۆیان بە یەکەیەکی بەیەکەوەبەند لە قەڵەم دەدەن بەوپێیەی لە یەکتری بە ئاگان.

**دووەم:** کۆمەڵگا گەورەترین گروپە، کە تاکەکەس بەندە پێیەوە و سەرجەمی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەکانیش لەخۆ دەگرێت، کە لەلایەن ئەندامانییەوە ڕێکخراون.

**سێیەم:** کۆمەڵگا سیستەمی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی دروستبووی نێوان تاکەکەسەکانە، کە بەهۆی پێداویستییەکان و پەیوەندییە مرۆییە جۆراوجۆرەکانەوە دروست دەبن. ئەمانەش پەیوەستن بە بوونی مرۆڤەکان و کۆمەڵگاش لە مرۆڤەکان پێکدێت، کە هۆی مانەوە و بەردەوام هەبوونی سیستەمی کۆمەڵایەتییە.

لەوەی کە باسکرا دەتوانین ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنین، کە کۆمەڵگای مرۆیی، لە کۆمەڵە مرۆڤێك پێکدێت، کە خاوەنی ڕێکخراو و دەزگای تایبەت بە خۆیانن، کاروبار و کێشەی هاوبەشیشیان هەیە، هاوکات جۆرەها پەیوەندی بەیەکتریانەوە دەبەستێتەوە. بەوپێیەش کەواتە کاتێك، کە کۆمەڵە کەسێك بە ئامانج و مەبەستێکی تایبەتەوە لە دەوری یەکتری کۆبنەوە و پەیوەندی دیاریکراو لەنێوانیاندا هەبێت، لەو حاڵەتەدا شتێك بەناوی کۆمەڵگا بوونی هەیە، کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی بریتیین لەمانەی خوارەوە:

أ- کۆمەڵگا وەك ڕێکخراوێکی گەورەی ژیانیی (حیاتی) هەموو ئەو تاکەکەسانە لەخۆ دەگرێت، کە هەستی وابەستەیی (ئینتیما)یان بۆ کۆمەڵگا هەیە.

ب- بەردەوامی کۆمەڵگا هەر تەنها خۆی لەسەر بەردەوامی تاکەکەسی نابینێتەوە، بەڵکو ئەو تاکەکەسانەی کە لەکۆمەڵگا دێنە ژیان و پێویستە خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن، دوای ماوەیەك لەنێو دەچن. ئەم ڕەوتە بەردەوام و هەمیشە دووبارە دەبێتەوە.

ت- هەموو تاکەکەسەکان پێویستە لە ناو کۆمەڵگادا بتوێنەوە و گوێڕایەڵی یاسا بن تاڕادەیەکیش خۆیان بدەن بە دەست ئەو یاسایانەی، کە پەیوەندییان بە ئەرکی کۆمەڵگاوە هەیە. هەر کۆمەڵگایەکیش لە گیرانی ئەرك و ڕۆڵەکانیدا، سەربەخۆیی خۆی هەیە.

پ- لە هەرکۆمەڵگایەکدا هەندێ جیاوازی ناوخۆیی لەڕووی پەیوەندییەکان، ئەرك و ڕۆڵەکانەوە هەیە.

ج- ئەوەی لە بنەڕەتدا هۆشیارانەیە، بەشداریکردنی ئیرادیانەی کەم تا زۆری تاکەکەسەکانە لەو چالاکیانەی لەنێو کۆمەڵگادا هەن و ئەنجام دەدرێن.

ئەمە و جیا لەوەش، کە خودی کۆمەڵگاش لێکەوتی پێداویستییە لەبنەهاتووەکانی مرۆڤەکانە، واتە کۆمەڵگا چاوگی سەرەکی دابینکردنی پێداویستی مرۆڤەکانە، تاوەکو هەمیشەش بەم چەشنە بمێنێتەوە، پێویستە کۆمەڵگا خاوەن سیستمگەلێك بێت، کە بە ((سیستمی کۆمەڵگای مرۆیی)) دەناسرێت و لەمانەوە خوارەوە پێکدێت:

1- سیستمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە درێژە پێدەری ژیانی کۆمەڵگایە و میکانیزمی سەرەکی دەساودەستکردن و ئاڵوگۆڕیی زانیارییە لە نێوان ئەندامانیدا.

2- سیستمی بەرهەمهێنان، کە لەمیانەیدا و بەهۆیەوە هونەرەکانی ئامادەکردنی کەرەستە و ئامراز و پێناوە پێویستەکانی ژیان گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن.

3- سیستمی دابەشکردن هەم لەڕووی دابەشکردنی کەرەستە و ئامرازەکانەوە، هەمیش لەڕووی دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و چۆنێتی گەیشتنیان بە ئەندامانی کۆمەڵگا، ئەمە و جیا لەوەی ئەم سیستمە رۆڵی بەشێنەوەی رۆڵ و پێگەکانیش دەگێڕێ لەنێوان دەستە و چینە جیاوازەکانەوە لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا .

4- سیستمی بەرگری، کە پێویستییەکی ژیانی کۆمەڵگا و مانەوەیەتی لەبەردەم هەر دەستدرێژی چاوتێبڕینێکی دەرەکییدا، جا لەڕووی سەربازییەوە بێت، یان پزیشکی و تەندروستی و..... هتد.

5- سیستمی جێگرتنەوە لەمیانەی میکانیزمی زاوزێ و وەچەخستنەوەی بەردەوام.

6- سیستمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە لەمیانەی رێسا و بەهاکانەوە رەفتارەکان لەڕووی دروستی و نادروستییەوە پێناسە دەکرێن و چوارچێوەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتیان بۆ دەکێشرێت بەمەبەستی دەرخستنی ئەو شێوازەی رەفتارنواندن، کە لە لایەن کۆمەڵگاوە پشتگیریی لێدەکرێت.

لەڕووی چەشنناسی کۆمەڵگاکانەوە، کۆمەڵناسان ئاماژەیان بە : کۆمەڵگای ((راو و راوشکار، کشتوکاڵی، نەریتی، پیشەسازی، سەروو یاخود پاش پیشەسازی)) یان: کۆمەڵگای ((خێڵەکی، لادێیی و شارنشینی)) یاخود ((کۆن و نوێ))، کردووە.

## ٢- کارلێك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان :

بە لەرچاوگرتنی ئەوەی، کە کۆمەڵگا واتا گردبوونەوەی تاکەکانە لە دەوری یەکتریدا کە یەکێك لە نیشانە هەرە دیارەکانی بوونی پەیوەندی و کارلێکی

کۆمەڵایەتییە لەنێوان ئەندامانیـدا، ئەوا هەردوو چەمکـی کـارلێکی و پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی دوو چەمکی زۆر لێك نزیـك و بەیەکەوە بەنـدن بەتـایبەتی لە ئـان و سایتی روودانیانـدا، بـۆیەش زۆر جـار وەك دوو چەمکـی هاوواتـا ئاماژەیـان بـۆ کــراوە. دەشـــوترێت کـــارلێکە کۆمەڵایەتییەکـــان شـــێوەکن لە شـــێوەکانی پەیوەندیيە کۆمەڵایەتییەکـان، بە پێچەوانەوەشـەوە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان کردەڕواڵەتـــی کـــارلێکە کۆمەڵایەتییەکـــانن. کـــاتێکیش کە دوو کەس دەگەنە یەکتری و کار لە یەکتری دەکەن و ئەم پرۆسـەیە چەند جارێك دووبارە دەبێـتەوە لەمیانە ئاڵوێرکردنی بوونی کاریگەریی و کەوتنە ژێرکـاریگەریی، ئەوا پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی بەیەکتریانەوە دەبەسـتێتەوە. کەواتە:

**پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش :**

کارلێـــك و بەیەکگەیشـــتن ، چـــالاکی و پەیوەســـتیگەلێکی دینـــامیکیی مەبەســتدار یــاخود بەپـێچەوانەوەن لەنێــوان تاکەکــان و گروپەگەلێکــدا لەنێــو بوونیــادی کۆمەڵـــایەتی و لەچوارچێـــوەی ئامـــانجگەلێکی هـــاوبەش لەژێـــر کـــاریگەری فـــاکتەرگەلێکی هەمەجـــۆری وەك دەروونـــی و کولتـــووری و کۆمەڵایەتی و.....هتد دا .

لە رووی دابەشــکردن جــۆرەوە، پەیوەنــدییە کۆمەڵایەتییەکـان هەروەك بەپێــی تیۆرەکەی (چارلس کولی) لەمبارەوە، بەشـێوەیەکی گشـتی دوو جۆرن:

پەیوەندی کۆمەڵایەتی سـەرەتایی – نافەرمییەکان :

پەیوەنـــدیی کۆمەڵـــایەتی لەڕووی ســـەرەتایی بـــوونەوە: ئەو پەیوەنـــدی و کارلێکەیە، کە لەنێوان ژمارەیەکی کەمـی تاکەکانـدا روودەدات، یـاخود لەنێـوان تاکەکانی گرووپی سـەرەتایی وەك (گروپـی هاوڕێیـان، یـاریکردن، خێـزان) روو دەدات. لەڕووی نافەرمی بوونیشـەوە: کاتێکە کە تیایدا چەشـنی پەیوەنـدییەکە هێندە بەهێز و پتەو دەبێت و مۆرکی نـافەرمی بـوون بەسـەریدا زاڵـا دەبێـت و کـردار و پەرچە کـرداری هـاوبەش و سـۆز و خۆشـەویسـتی و ڕێزگرتنـی دوو لایەنە لەخۆدەگرێت. لەوانەیە مایەی ئاسـوودەیی تێرکردنـی و پێداویسـتیی و خواسـتە خودییە دوور و نزیکەکانی بێت.

**پەیوەندی کۆمەڵایەتی لاوەکی – فەرمییەکان :**

ئەو پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتییانەن، کە لەنێوان ژمارەیەکی زۆری خەڵکـی ســەر بە گــرووپ و دامەزراوەی گەورە گەورەن روو دەدەن، لەوێــنەی گــروپ و دامەزراوەکانی وەك ((خوێندنگاکان، پارتە سیاسـییەکان، کارگە و کۆمپانیاکـان، یەکە سـەربازییەکان)). ئەو پەیوەندییەی لاوەکـی فەرمییـانەی، کە لەنێـوان تـاك یـــاخود کۆمەڵێـــك تـــاك و ئەم گـــرووپ و دامەزراوە گەورانەدا دێـــتە کـــایەوە، پەیوەندیگەلێکی بەرکەنار و دیاریکراون و بەپێـی ئەوڕێسـا و یاسـا نووسـراوانە دەبن کە پێی ئاشـنا بوون .

سروشـتی پەیوەنـدیی کۆمەڵـایەتی لاوەکـی - فەرمـی یـاخود گرێبەسـتییە وکـاتییە و ئامـانجە بـابەتی و کۆمەڵگاییەکـان بەدی دەهێنێـت، نەك ئامـانجە خودییەکانی ئەو تاکانەی دەچنە ناو بـازنەی ئەو پەیوەنـدییەوە، هەر ئەمەشـەوا دەکات گرنگی و بایەخی ئەم جۆرە پەیوەندییە بەلای تاکەکانەوە کەمتر بێـت لە گرنگی و بایەخی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سـەرەتاییەکانیان لەگەڵـا کەسـانی نزیك لێیانەوە لەناو دامەزراوە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر بـۆیەش تاکەکـان بە ڕاددەی پەیوەندییە کۆمەڵـایەتییە سـەرەتاییەکان لە پەیوەنـدییە کۆمەڵـایەتییە لاوەکییەکان ئاسوودە نابن، بەهۆی ئەوەی پەیوەندیی لاوەکـی لەلایەن ڕێسـا و یاسـا فەرمییەکـانەوە دیـاری دەکرێـت، لەکاتێکـدا پەیوەنـدیی سـەرەتایی لەلایەن حەز و خواسـت و ویستی تاکەکانەوە دیاری دەکـرێن، هەروەهـا پـلەی ئەو قایل بوونەی تاك لەم پەیوەندییەدا دەستی دەکەوێت زیاترە لەوەی تـاك لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لاوەکیدا دەستی دەکەوێـت. هەربـۆیە تـاك بـایەخێکی زیـــاتر بەم تەرزەی پەیوەنـــدی دەدات، چـــونکە پێداویســـتییە دەروونـــی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکانی پڕدەکاتەوە .

لە روویەکـی تـرەوە جـۆرە دابەشـکارییەکی دیـکە هەیە بـۆ چەشـنی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــان لە رووی پەیوەنـــدییە پۆزەتیـــڤ و پەیوەنـــدییە نێگەتیڤەکـــانەوە. بەم پێـــیەش پەیوەنـــدییە پۆزەتیڤەکـــان ئەمـــانە، کە رۆڵ و وەزیـــفەی تەواوکـــاری و یەکـــانگیری و بەردەوامـــین، لە کـــاتێکە پەیوەنـــدییە نێگەتیڤەکـان ئەمـان کە سـەرچاوە و چـاوگی کێبڕکـێ و ململانێـی و رق و کینەن لەنێـوان تـاك و ئەنـدامانی کۆمەڵگـادا لەمیـانەی شـۆڕش و یـاخیبوون و لادان لە رێسا و بنەما گشتی و باوەکانی کۆمەڵگا.

## کارلێکی کۆمەڵایەتیش :

وەك سـەرەکیترین تـوخم لە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکانـدا، مەبەسـت لێـی جـــۆرێکی رەفتـــاری پەیوەســـتییە، کە لە فراوانتـــرین واتایـــدا بـــریتییە لەو هەڵوێسـتەی تـاك یـاخود کەسـێك دەکەوێـتە ژێـر کـاریگەری کـار و کـردەوە و بیرراکـــانی کەســـانی دیـــکە و ئەوانـیش لەم رووەوە دەکەونە ژێـــر کـــاریگەری ئەوەوە. بە واتـــایەکی دیـــکە کـــارلێکی کۆمەڵـــایەتی کـــار و کـــاردانەوە یـــاخود پەرچەکـرداری دوو تـاك یـان زیـاتر، گروپێـك و چەنـد گـروپە تـاکێکە بەرامـبەر بە یەکتری.

ئەو ئاستانەی کارلێکی کۆمەڵایەتییان تێدا روو دەدات ئەمانەن:

**یەکەم: لەســەر ئاســتی تــاك:** بـاوترین جـۆری کـارلێکە وەك کـارلێکی کۆمەڵـــایەتی نێـــوان بـــاوك و کـــوڕەکەی، ژن ومێـــردەکەی، فەرمـــانڕەوا و ژێرفەرمـانڕەوان ...هتـد. لەم چەشـنە کـارلێککردنەدا ژینگەیەکـی کۆمەڵـایەتی هاوبەش هەیە لەنێوان ئەو لایەنانەی کارلێك لەگەڵا یەکتریدا دەکەن.

**دووەم: لەسـەر ئاسـتی گـروپ: بە** واتـای کارلێـك لەنێـوان گروپەکانـدا هەروەك کـارلێکی لە نێـوان مامۆسـتا و قوتابیانیـدا، بەڕێـوەبەر و ئەنجـومەنی بەڕێوەبردن.....هتد. کە لە حـاڵەتی دووبارەبوونەوەیانـدا کەسـەکان چـاوەڕوانی رەفتارێکی چاوەڕوانکراوی دیار و پێ ئاشنابوو دەکەن.

**سێیەم: لەسـەر ئاسـتی تـاك و کولتـوو**، بە واتـای پەیوەنـدی نێـوان تـاك وکولتـوورەکەی، کە مەبەسـت لە کولتـوور لێـرەدا (بەهـاو داب و نەریـت شـێوازەکانی بیرکـردنەوە و رەفتارنوانـدن و بەیەکگەیشـتنە)، لەم نێوەندەشـدا هاوبەشـی کولتووری رۆڵی سـەرەکی هەیە لە وێناکردنی ئەو رەفتارە بـاوانەی یـاخود هەرەبڵـاوانەی بەهـۆی هاوبەشـی کولتـوورییەوە لەنێـوان ئەنـدامانی گروپەکاندا لە یەکتری چاوەڕواندەکرێن.

**بنەماکانی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان:**

**یەکەم: بەیەکگەیشتن یـاخود پەیوەنـدی:** کـارلێکە کۆمەڵایەتییەکـان بـوونی بەیەکگەیشـتنی نێـوان کەسـەکان و پاشـانیش هاتنەکـایەوەی پەیوەنـدی سـەرەتاییە، هاوکات لەگەڵ ئاڵوێرکردنی بیرۆکەیەکی دیـاریکراو لە هـۆش و بیـری کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە.

**دووەم: بەتەمـابوون یـاخود لێچـاوەڕانی (التوقـع):** ئەوەی لە کـرداری کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا رۆڵی سـەرکی دەگێرێـت، بە تەمـابوون و لێچـاوەڕوانییە لەوەی، کە بە تەمای چ جـۆرە رەفتارێـك بـین لەمیـانەی پەرچەکـرداری کەسـانی دیکە بەرامبەر بە کردارەکانمان لەڕووی پێزانیبوون و رەتکردنەوە، پاداشـت و سـزا. بۆیەش بەزۆری تاك رەفتاری لەژێر رۆشـنایی ئەم چاوەڕوانیانە هەڵدەسـەنگێنێت.

**سێیەم: پەی بە رۆڵـا بـردن و رۆڵنوانـد:** هەمـوو مرۆڤێـك بە لایەنـی کەمەوە رۆڵێکی هەیە، کە لەمیانەی رەفتارنواندن و رۆڵگێرانـی رەفتارەکـانی راڤە و شـی دەکـرێنەوە بەتـایبەتی لەمیـانەی نوانـدنی رۆڵگەلێکـی کۆمەڵـایەتی لەمیـانەی کارلێکی لەگەڵ کەسـانی دیکەدا.

**چوارەم: هێما خودان ئامازەکان:** کە مەبەسـت لێیان ئەو هێما خودان ئامـاژە هاوبەشـانەن کە لەنێـوان لایەنەکـانی کارلێککـار لەگەڵـا یەکریـدا هەن وەك زمـان، گوزارشتە ڕوویی یاخود رواڵەتییەکان و دەسـتی و ....هتد

**٣ـ بەکۆمەڵایەتیبوون:**

بەکۆمەڵـایەتیبوون (Socialization)پرۆسـەیەکی کۆمەڵـایەتی، پەروەدەیـی، پێگەیاندن و فێرکاری دورودرێژە لەسەر ئاسـتی ژیانی تاك و گروپ، کە لەمیـانەی کەناڵگەلێکەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت .

بەشـێوەیەکی گشـتی بەکۆمەڵـایەتییبن وەرچەرخانـدنی مـرۆڤە لە بـوونەوەرێکی بـایۆلۆژییەوە بـۆ بـوونەوەرێکی کۆمەڵـایەتی لەمیـانەی راهـاتن و

فێربــوونی کولتــووری کۆمەڵگــا لەمیــانەی کــرداری (پەروەردە و پێگەیانــدن و لاسـاییکردنەوە) بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ.

ئەم کــردارە بەر لە لە دایکبــوونی مــرۆڤ دەســـت پێــدەکات، لەبەرئەوەی کۆرپەلە بەر لە لەدایکبوونی دەکەوێتە ژێـر کـاریگەری و کاردانەوەکـانی ژینـگەی دەوروبەر لەسـەر دایك .

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بژێت، ئەوا پێویسـتی بە بەکۆمەڵایەتیبوون هەیە تاوەکو بەهۆیەوە ئەو رێـگە و شـێوازانە فێـر بێـت، کە یـارمەتی دەری دەبــن بــۆ پشتبەســتن بەخــۆی لە زۆر بـار و حاڵەتـدا لەپێنـاو پارێزگاریکردن لە ژیانی. هەروەها تاوەکوو زانیاری لەبـارەی شـێوازە ژیـانی ئەو یەکە و گروپ و کۆمەڵگایەش هەبێت، کە دوارۆژ تیایدا دەبێتە ئەنـدام و بتوانێـت لەرووی کۆمەڵـایەتی رێژەییـانە لەگەڵیانــدا بگونجێــت. هاوکـات ببێــتە خـاوەن شوناســی کولتــووری و پــێگە و رۆڵــی کۆمەڵـایەتی دیـاریکراو لەو نێوەنــدە کۆمەڵـایەتی، ئـابووری، سیاســی ......هتــدەی تیایــدا دەژێــت. ئەمە و جیـا لەوەی سەرەنجام ئەم کردارە زامنی مانەوە و بەردەوامی کۆمەڵگایە .

شێوە یاخود جۆرەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون :

بەشــێوەیەکی ســەرەکی بەکۆمەڵــایەتیبوون دوو شــێوەیەکی ســەرەکی هەن، کە بـــریتیین لە بەکۆمەڵـــایەتیبوون نـــافەرمی یـــاخود ســـەرەکی و بەکۆمەڵایەتیبوون فەرمی و لاوەکی.

* کۆمەڵــایەتیبوونی ســەرەکیی، لە ســەرەتای ســاڵانی تەمەن دەســت پێــدەکات و ئامــانجی ســەرەکی بەدەســتهێنان و کەڵەکەبــوونی زانیــاری و شـارەزایی پێویسـتە لە لایەن تاکەوە، تاوەکو بەوهۆیەوە بتوانێت ببێتە ئەنـدام لە کۆمەڵگـــادا. ئەم جـــۆرەی بەکۆمەڵـــایەتیبوونە لە لایەن دامەزراوە و دەزگـــا نافەرمییەکانەوە ( بۆ نمونە خێزان ) بە ئەنجام دەگەیەنرێت .

* بەکۆمەڵـایەتیبوونی لاوەکــی: پەیوەســتە بە دەسـتخســتنی شــارەزایی و ئەزموونەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، کە بەهـۆیەوە تـاك دەتوانێـت پەی بە واتـای لایەنە کولتوورییەکـانی پەیوەســت بە ژیـانی رۆژانەی ببـات. ئەم جــۆرە لە لایەن دەزگــاو دامەزراوە فەرمییەکــانی وەك دەزگــا پەروەردییەکــان، سەندیکا و حزب ......هتد. بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

کەواتە بەکۆمەڵــــایەتیبوون بەرپرســــیارییەتییەکی هاوبەشــــە لەنێــــوان دامەزراوەگەلێکدا، لەبەرئەوەی تاك لە یەك کاتدا ئەندامە لە خێزاندا، قوتـابییە لە قوتابخــانە تــا زانکۆیەکــدا، ئەنــدامە لە یانەیەکــدا، کرێکــارە لە کارگەیەکــدا، فەرمــانبەرە لە فەرمانگەیەکــدا، خــوێنەری بڵاوکراوەکــانە، بیســەر و بیــنەری راگەیاندن و میدیاکانە، ژمـارەیەك هـاورێی هەن...هتـد. بەڵـام ئەوەی شـیاوی ســەرنجە ئەوەیە، کە هەمــوو دامەزراوەکــان هەمــان رۆڵ و بایەخیــان نیــیە لە کرداری بە کۆمەڵایەتیبووندا، بەپێی قۆناغەکانیش دەگۆڕێت .

کەناڵەکانی بە کۆمەڵایەتیبوون:

کەناڵەکـانی بە کۆمەڵـایەتیبوون ئەو ناوەنـدانەن، کە بە درێژایـی قۆناغەکـانی تەمەن و پێگەیشـتنی مـرۆڤ، شـێوازەکانی ژیـان و تـوخمە کولتوورییەکـان بـۆ مرۆڤ دەگوازنەوە.

1 -خێزان:

وەك بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی، سـەرەکی و سـەرەتاییترین دامەزراوەی بە کۆمەڵـایەتیبوونە. بەشـی هەرە زۆر و گرنگـی کۆمەڵـایەتیبوون لە خێزانـدا پیـادە دەکرێـت، لەبەرئەوەی تـاك بەشـی هەرە زۆری ژیـانی لەنـاو خێزانـدا دەگوزەرێنێـت، خێـزانیش ڕۆڵـی گەورە دەگێڕێـت لە گواسـتنەوەی کولتـووری کۆمەڵـگا بـۆ نەوەکـانی بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ یـا ناڕاسـتەوخۆ. ئەو روئیـا و تێگەیشـتن و بەئاگـاییەی مـرۆڤ هە ر لە منـداڵییەوە لەبـارەی خـۆی و دەوروبەرەوە هەیەتـی، ئەو رۆڵ و پـێگە هەمەجـۆرانەی چاوەڕوانـدەکرێت لە داهاتوودا هەیبن، چۆن بیردەکـاتەوە، چـۆن رەفتاردەنوێنێـت و ...هتـد، هەمـوو ئەمانە ژینگەی خێزانی و ئەندامانی خێزان رۆڵی سەرەکیان لە گەڵاڵەکردنیـدا هەیە. سـەرەکیترین شـێوازەکانی بە کۆمەڵـایەتیبوون لە خێزانـدا بـریتین لە ( سـەرنجدان و بەشـداریکرن و لاسـاییکردنەوە، قـدوەبوونی دایـك و بـاوك بـۆ منـداڵ، پاداشـت و سـزا، وەڵامـدانەوەی بەردەوامـی پرسـیارکردن لە لایەن منداڵەوە، هەڵوێسـتە پەروەرداییەکـان). هەنـدێ شـێوازە بە کۆمەڵـایەتیبوونی نەخـوازراویش هەن وەك ( پارێزگـاری زیـاد لە پێویسـت لەمیـانەی نازپێـدان و یاخود زاڵێتی زیاد لە پێویست، دژیەکی لە مامەڵە لەگەڵا کردندا، جیاکـاریکردن لە مامەڵەکردن لەگەڵا منداڵاندا، پیادەکردنی توندوتیژی لە مامەڵەکردندا )

2 -دەزگا و دامەزراوە پەروەردەیی فێرکارییەکان:

ئەگەرچـی لە کۆمەڵـگا دواکەوتـوو و سـەرەتاییەکاندا خێـزان رۆڵـی هەرە سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبووندا، ئەوا لە کۆمەڵـگا مەدەنـی وپێشـکەوتووەکاندا دامەزراوەگەلێکـی وەك دایـنگە، بـاخچەی سـاوایان، قوتابخـانەو سـەرجەم ناوەنـدەکانی خوێنـدنی ئەکـادیمی و باڵـا، بەشـێك لە بەرپرسـیارێتی ئەرکـی بە کۆمەڵایەتیبوونیـان بەردەکەوێ. لەو ناوەنـدانە مـرۆڤ هەر فێـری زانسـت و زانیـاری نابێـت، بەڵکـو شـارەزایی پێویسـت دەسـت دەخات لەبارەی چـۆنێتی مـامەڵەکردن لەگەڵـا مامۆسـتایان و هاوپیشـەکانی، پابەندبوون بە چەندین رێسـا و یاسـا و بەهەنـدوەرگرتنی کـات هەسـتکردن بە بەرپرسیارێتی لە ئاست ئەرکەکانی پیشەکەیی ...هتد.

-3گروپـی هاوڕێیـان و یـاریکردن: دوای خێـزان بە گرنگتـرین کەناڵەکـانی بە کۆمەڵایەتیبوون دەدەنرێت، کە ئامانجی سەرەکی بەسـەربردن و چێژوەرگـرتنە لە کات بەهۆی ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر ئەنـدامانی ئەم گروپـانە لەڕووی تەمەن، هەندێ جار رەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی لە یەکەوە نزیکن بەتایبەتی لە قۆنـاغی تەمەنی نەوجەوانیدا، کە هەوڵی سەلماندنی خود دەدەن و دەخـوازن لە لایـن خەڵکییەوە پەسەندکراو بن.

4 -میدیا و ئامرازە تەکنەلۆژییەکان:
لەم سەردەمەدا میدیا و ئامرازە تەکنەلۆژییەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن، بە سەرچاوەیەکی سەرەکی و پێویستی دەستخستنی زانیاری دادەنرێت لە بواری جۆراوجۆردا، هاوکات بەمەبەستی بەسەربردنی کات و رایکردنی کاروبارەکان. مەرجیش نییە هەمیشە رۆڵێکی پۆزەتیڤیان هەبێت لەو نێوەندەدا، بەڵکو دەتوانێت رادەی پەیوەستی تاکەکان بە داب و نەریت و نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان لای تاکەکان بەهێز بکات، یاخود بەپێچەوانەوە بیانخاتە بەر مەترسی فەرامۆشکردنەوە.
-5رێکخراو و رێکخستنە سیاسییەکان :
لەوانە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکا و کۆمەڵە و رێکخراوە پیشەییەکان، حزبە سیاسییەکان و گروپەکانی گوشار و .....هتد. ئەندامێتی تاك لە هەر یەكێك لەمانەدا، واتە پەیرەویکردن لە کۆمەڵێك رێسا و بنەما بەپێی چەند پێوەر و ئەخلاقیاتی کار و پیشەیی، کە دواتر رەنگە ببنە بەشێك کەسێتی و لایەنی مەعریفی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیی....هتد.
**٤- کولتوور و کولتووری هاوبەش:**
کولتوور : (culture) یەکێکە لەو چەمك و بابەتە هەرە سەرەکییانەی بواری کۆمەڵناسی، کە زۆرترین مشتومڕی هزری و تێڕوانینی تیۆریی فرەجۆر و جیاوازی لە لایەن کۆمەڵناسانەوە لەبارەی گەڵاڵەکراوە. بەشێوەیەکی گشتیش باسکردن لە بوونی شتێك بەناوی کولتوورە وابەستەیە بە بوونی کۆمەڵگاوە، واتا بەدەر لە بوونی کۆمەڵگا ناتوانین باس لە بوونی شتێك بکەین بەناوی کولتوورەوە، کە بەپێی سەردەم و جیاوازی شوێن، و رەوش و بارودۆخەکان، کۆمەڵگاگەلێکی تاڕادەیەك لێك جیاواز هەن، کە هەر یەکە لەو کۆمەڵگایانەش خاوەن جۆرە کولتوورێکی تاڕادەیەك جیاوازن لە یەکترییەوە .
زۆر جار وەك کورتترین و باوترین ناساندنێکی کولتوور ئەوە دەبیستن، کە ئەوانەی باس لە کولتوور دەکەن، بەتایبەتی کومەڵناسان پێناسەی گشتیان بۆ ئەو چەمکە ئەوەیە، کە کولتوور شێوازە ژیانە .
وەك زانراویشە زیاتر لە (٥٠٠) پێناسە هەن بۆ کولتوور، کە گشتگیرترینیان ئەو پێناسەیەیە، کە لە لایەن مرۆڤناسی بەریتانی (ئیدوارد تایلۆر)ەوە بۆ کولتوور کراوە (( کولتوور گشتێکی ئاڵۆزی پێکهاتووە لە زانست و زانیاری، هونەر و بیروباوەڕ، یاسا و دیسپلین (الانظباط)ی و داب و نەریت، ترادسیۆنەکان))
کولتوور کۆمەڵێك بەهایە، کە بەهۆیەوە تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئەو پێوەرانە بەڕێوە دەڕۆن، کە کۆنترۆڵی رەفتار و بەرهەمهێنراوە مادییەکانیان دەکات لەگەڵ ئەو هێمایانەی لەنێوانیاندا هاوبەشن.
کولتوور ئەو هێڵکاریی و رێچکە پێویستانەی ژیانن، کە مرۆڤ لەمیانەی ئەندامێتی کۆمەڵگا و لەمیانەی پرۆسەی ژیانکردن لەنێو کۆمەڵگا و کرداری

بەکۆمەلایەتیبـــوونەوە وەریـــان دەگرێـــت لەپێنـــاو تێرکـــردن و دابینکردنـــی پێداویستییەکی ژیانی وەریاندەگرێت.
بەشێوەیەکی گشتی کولتوور دابەشی سەر دوو بەش دەبێت، کە ئەوانـیش بریتیین لە:
1 -کولتووری ماددی: کە مەبەست لێی هەموو ئەو شتە ماددی و بەرجەستە و بەرچاوانەن، کە هەبوون و هەن و دەشبن لە داهاتوودا لە کۆمەڵگادا وەك: جلوبەرگ (پۆشاك) و ئامێر و ئامرازەکان و کەرەستە خۆراکییەکان و ...هتد.
2 -کولتووری مەعنەوی: وەك هێما و داب و نەریت و عورف و یاسا کۆمەڵایەتییەکان و ...هتد.
بە جۆرێکی تریش باس لە جۆرەکانی کولتوور دەکرێت هەروەك:
*کولتووری گشتی (الپقافە العامە): کە مەبەست لێی هەموو توخم و رەگەزە مادی و مەعنەوییە هاوبەشەکانی کولتوورە لەنێوان خەڵك بە تاك و گروپ و کۆمەڵگاوە بەشێوەیەکی گشتی.

*وردە کولتوور(sub culture) :
مەبەست لەمەیان هەموو توخم و رەگەزە مادی و مەعنەوییە هاوبەشەکانی نێوان ئەندامانی توێژێکە وەك (لاوان)، گروپێکی پیشەییە وەك (کۆتربازەکان) یاخود گروپێکی ئەتنی یاخود ئاینی وەك (یەزیدییەکان، و...هتد لە چوارچێوەی کولتووری گشتییدا. بە واتایەکی دیکە وردە کولتوور کولتوورێکی بچووکترە لەناو کولتووری گەورەتردا، کە سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی، وەك بەشێك لە سیستمێکی کولتووریی فراوان دەژمێردرێت). پێویستە ئەوەشمان لە بیر بێت، کە تاکێك لە یەك کاتدا دەتوانێ ئەندامی چەند وردە کولتوورێك بێت.
*دژە کولتوور :(counter culture)
ئەو بەشە کولتوورانەی، کە لەگەڵا کولتووری زاڵدا لە ناکۆکییەکی چالاکانە دان بە دژە کولتوور ناودەبرێن. وەك گروپێکی تایبەت لە تاوانباران و گروپەکانی داکۆکیکار لە ئازادی سێکسی و ژیان لەناو کۆمەڵگادا بە رووتی و ....هتد.

ئەدگار یاخود تایبەتمەندییەکانی کولتوور:
1 -کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوەی لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا هەیە.
2 -بەردەوامێتی، واتا بەرەوام شتێك هەیە بەناوی کولتوورەوە و بەهۆی بەردەوامی وەرگرتنی توخمە کولتوورییەکان تا تاك تواناى وەرگرتنی زانیاری هەبێت و بە ئەزموونی جۆراوجۆردا بگوزەرێت لە لایەك، لە لایەکی ترەوە بەردەوامی گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر سەرەڕای ئەو جیاوازییانە هەن و بەسەریدا دێن و لەو نێوەندەدا.

3 -کولتـوور پشــت بەو هێمایـانە دەبەســتێ، کە لە لایەن مـرۆڤەوە داهێنـراون وەك زمان.
4 -کولتوور شتێکی بۆماوەیی نییە، بەڵکو گواستراوە و وەرگیراوە.
5 -ســەرەڕای هاوبەشــی تاکەکــانی کۆمەڵگــا لە تــوخمە گشــتییەکانی کولتـووردا، بەڵـام شـێوازی گوزارشـتکردنیان لە توخمەکـانی کولتـوور جیـاوازە بەپێی جیاوازی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تاك تیایدا گەورە دەبێت و پێدەگات.
6 -کولتوور سیستمێکە، بە واتای گشتێکی ئـاڵوزە، کە لە ســێ کەرت یـاخود یەکە یاخود بواری سەرەکی پێکدێت:

- لایەنی پەی پێبراو: هەروەك دەرچوون لە سیسـتمی مەعـریفەوە بەرەو سیتمی تەکنەلۆجی.
- لایەنـی مـاددی: هەمـوو ئەو کەرســتە مـادییە بەرچـاوانەی وەك ئـامێر و ئامرازەکان و سەیارە و ئامێری مۆزیك و ...هتد دەگرێتەوە.
- لایەنـی پێـوەریی: هەمـوو ئەو پێـوەر و رێسـا و یاسـانەی رەفتـاری، کە رێکخەر و کۆنترۆڵکەری رەفتارن.

توخمە پێکهێنەرەکانی کولتوور:
1 -بەهاکان:
کە نمونەی باڵای وەك دڵسۆزی لە کارکردن و بەزەیی و رێزداری لەناو خێـزان و هاریکاری و راستگۆیی لە ووتن ... هتد.
2 -پێوەرەکان:
ئەو بنەمـا و رێسـایانەن، کە کـۆنترۆڵی ئەو رەفتـارانە دەکەن، کە لە شـێوەی لێچـاوەڕوانییە ئاڵووێرییەکـانی نێـوان تاکەکـانەوە دەرکەون لەمیـانەی کـارلێکی رۆژانەی نێوانیان، بەتایبەتیش لەو شتانەی کە پێویسـتە ئەنجامیـان بـدەن و بە پێچەوانەوەشەوە ئەنجامیان نەدەن لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا .
بۆ نمونە کاتێك کە لەگەڵا کەسێکدا دەدوێیت و دەتەوێ هەندێ شتی پـێ رابگەیەنــی، ئەوا بەو رێســا رەفتاریيــانە ئاشــنای کە دەبــێ لەو حــاڵەتەدا لەبەرچاویــان بگریــت لە مــامەڵەکردن لەگەڵــا بەرامبەرەکەتــدا، کەســی بەرامبەریش بەهەمان شێوە وەڵـام دەداتەوە. کەواتە هەردوولا چـاوەڕوانی ئەو دەکەن، کە لایەنــی بەرامــبەر هەڵویســتێکی دیـاریکراو بنــوێنن بەرامــبەر بە یەکتری .
3-بەرهەمهێنراوە مادییەکان:
هەمـوو ئەو شـتانەیەکە مـرۆڤ بـۆ نمـونە لە جـۆری خـواردن و خـواردنەوەکەی پۆشــاك و شــوێنی حەوانەکەی، هــونەر و ئامرازەکــانی بەرهەمهێنــان و گواستنەوە و ...هتد بەردەوام زیادیان دەکات.
4 -هێماکان:
ئەو نیشـانە و ئامـاژانەن، کە بە لایەنــی کەمەوە بەشـێکی زۆری ئەنـدامانی کۆمەڵگا لەسـەری رێکەوتـوون و خـزمەت بە بەیەکگەیشـتنی کۆمەڵایەتییـانەی

مرۆڤ دەکەن لەوانە زمان و وشەکان، کە وەك هێماگەلێك ئەندامان لەسەری رێکەوتوون وەك ئامرازێکی بە یەکگەیشتن و ئاخاوتن هەروەك، کە لە کاتی سڵاوکردن بەکاردەهێنرێن لە هەڵوێستە خۆش و ناخۆشەکاندا.

**گۆڕان و دواکەوتنی کولتووریی:(Cultural Change & Cultural Lag)**

ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار لە لایەن هەریەکە لە کۆمەڵناسانی ئەمریکی (ویلیام ئۆگبیرن) و (نمیکۆف)ی هاورێیەوە خرایەڕوو لە (١٩٢٢) لە کتێبەکەیاندا بەناوی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی).

یەکێك لە رەهەندە هەرە دیارەکانی کولتوور ئەوەیە، کە هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕان و وەرچەرخاندایە بەشێوەیەکی رێژەیی لەڕووی سەردەم جۆری کۆمەڵگای (سەرەتایی، پێشکەوتوو) باروددۆخی هەمەجۆرییان. کولتوور وەك گشتێکی ئاڵۆزی فرەڕەگەز و فرەبەش بەیەکەوەبەندییەکی سیستماتیك، رەگەز و بەشەکانی بەیەکەوە گرێی داوە. هەر جۆرە گۆڕانێك بە هەر ئەندازەیەك لە هەر رەگەز و بەشێکی کولتووردا روو بدات لە وێنەی گۆڕان لە کایەی داهێنان، زۆربوونی رێژەی دانیشتوان گۆڕان لە پێکهاتەکانیدا ....هتد سەرچاوەیەکن بۆ دروستبوونی ململانێ و گۆڕانکار و هێنانەکایەوەی گوشار لە رگەز و بەشەکانی دیکەشدا، ئەویش لەمیانەی کۆشش لەپێناو سەرلەنوێ هێنانەکایەوەی هاوسەنگی لەنێوانیاندا لەمیانەی بەرجەستەکردنی گۆڕانکاریی هاوشێوە تیایاندا، کە زۆرجار ئەم کردارەی هاوسەنگییە زۆر خێرا دەرناکەوێت بەهۆی ئەوەی پێویستی بە کات و ماوەی زیاترە بۆ ئەوەی بەشێکی دواکەوتووی کولتوور (بەهۆی سستی کرداری گۆڕان تیایدا) هاوتەریب لەگەڵا بەشەکانی دیکەدا بگۆڕێت و هاوسەنگی و یەکبوونی کولتووریی بەرهەم بێت. کەواتە بەهۆی هەمیشە گۆڕاویی کولتوور بەڵام بە ئاست و شێوە و رێژەی جیاواز لەنێوان رەگەز و توخمەکانیدا، هەندێ لە رەگەز وتوخمەکان زووتر و خێراتر گۆڕانیان بەسەردا دێت بەراورد بە هەندێ رەگەز و توخمی تر. بەواتای بەش و توخمەکانی کولتووری هاوچەرخ، کە پێویستە هەموویان بەیەکەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەڵام کاتێك، کە هاوشان و بە هەمان خێرایی گۆڕانیان بەسەردا نایەت وەك ئەوەی، کە رەگەز و توخمە ماددییەکانی کولتوور خێراتر گۆڕانیان بەسەردا دێت بە بەراورد بە توخم و رەگەزە نامادییەکان، لەم دۆخەدا دواکەوتنی کولتووریی دێتەکایەوە. هەروەك ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کەرەستەکانی گواستنەوەدا دێن خێراترن. بۆ نمونە وەك هاتنەکایەوەی سەیارە و ئەو گۆڕانکارییانەی لەرووی جۆر و ژمارەوە بەسەریدا هاتوون زۆر خێراترن بە بەراورد بە شێواز و چۆنێتی و ئاکاری بەکارهێنان و دروستبوونی هۆشیاری لەبارەی پێویستی هێنانەکایەوەی یاسا و رێنمایی و هێماکانی هاتوچۆ و پێویستی پابەندبوونی تاکەکان پێیانەوە .

کولتوور و شارستانییەت:

سەبارەت بە نزیکی و جیاوازییەکانی نێوان چەمکی کولتوور (culture) و چەمکی شارستانییەت(civilization) ، پێشتر باسی چەمکی کولتوورمان کرد زانیمان مەبەست چییە لە کولتوور، بەڵام سەبارەت بە چەمکی شارستانییەت، زانای ئەڵمانی (ئەلفرید فێبەر) پێیوایە شارستانییەت پرۆسەیەکی پێشکەوتنی مێژوویی ئاڵۆزە، کە لە حاڵەتە بەراییەکانی وەرچەرخانی سەرەتایی مرۆڤەوە دەست پێدەکات (پیشتبەستنی راستەوخۆی بە سروشت) تا هەوڵدانی بۆ (زاڵبوون بەسەر سروشتدا) لەمیانەی کارکردن بۆ هێنانە کایەوەی دامەزراوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. ئەم گشتە پرۆسەیە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فاکتەرە سروشتییەکان و ...هتد کە رەنگە ببنە هۆی چەقبەستوویی یاخود پێشکەوتنی و گۆڕان لە ئاستێکی شارستانییەوە بۆ ئاستێکی تر.

هەروەها هەروەك دەوترێت بە هەر چەشنە کولتوورێکی ئاڵۆزی هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، پیشەسازی یان شاریی دەوترێت شارستانی، کە لە هەمان کاتدا ئاستێکی کولتوورییشە. واتا کولتووری شار یاخود شارنشینی روونتر بڵێین بەشی کولتووری مادی شارستانییەتە بۆ گروپگەلێکی فراوان و گشتگیرتر لە رووی کات و شوێنەوە. واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە گەیشتوونەت پلە و ئاستێکی باڵای پێشکەوتن و پەرەسەندن و پیشکەوتنی زاستی و رێکخستنی مەدەنی و کۆمەڵایەتی.

هەروەك زانراویشە پێوانەکردنی شارستانییەتیش بەندە بە پەرەسەندنی لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی ئاڵۆزتر لەڕووی تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو و تێپەڕاندنی قۆناغی سەرەتایی.

سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان کولتوور و شارستانییەت، سێ بۆچوونی جیاواز هەن:

بۆچوونی یەکەم: چەمکی کولتوور و شارستانییەت دوو چەمکی هاوواتان و هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە.

بۆچوونی دووەم: چەمکی شارستانییەت فراوانترە لە چەمکی کولتوور، لەبەرئەوەی شارستانییەت کولتوور و هەردوو لایەنی ماددی و ناماددی لەخۆ دەگرێت، بەڵام کولتوور تەنها گوزراشتە لە لایەنی ناماددی بە میراتی فکریشەوە.

بۆچوونی سێیەم: شارستانییەت سەرلەبەری ئەو داهێنان و دۆزینەوانەن، کە کۆمەڵگا پێیان گەیشتووە.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوانیشیان، بۆچوونێك هەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی، کە کولتوور ئەو کۆڵەگەیەیە شارستانییەتی لەسەر بنایتدەنرێ، ئەگەر مەبەست لە کولتوور لایەنی ناماددی، مەبەست لە شارستانییەت لایەنی ماددی بێت.

**٥- بوونیادی کۆمەڵایەتی:(Social structure)**
لە راستیدا هێنانە بەرباسـی بیـرۆکەی بوونیـادی کۆمەڵـایەتی دەگەڕێـتەوە بـۆ ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەهەم بەتـایبەتی لە نووسـینەکانی هەر یەکە لە (مۆنتسـکیۆ) بەتـایبەتی لە کتێبەکەیـدا (رۆحـی یاسـاکان) کاتێـك کە لای کـردۆتەوە لە باسـکردنی یاسـا و پەیوەنـدی بە پێکهـاتەی سیاسـیی و داب و نەریتەکـان کە کرۆکـی پێکهـاتەی بوونیـادی کۆمەڵـایەتیین. هەمـان بیـرۆکە لە کتێبەکـانی بیرمەنـدانی دیـکەدا بە پـلەی جیـاواز بەرچـاو دەکەوێـت. هەروەك بەلای (ئۆگەسـت کۆمـت)ەوە بوونیـادی کۆمەڵـایەتی (ئیسـتاتیکای کۆمەڵایەتی)یە، کە لە سێ یەکەی سەرەکی بەیەکەوەبەند پێکدێت: (خێـزان، گـروپە میانگیرەکـان (الجماعـات الوسـیگە)، دەوڵەت یـاخود دەسـەڵاتی سیاسـی).
بەکارهێنـانی چەمکـی بوونیـادی کۆمەڵـایەتی بەشـێوەیەکی زۆر روونتـر لە نووسینەکانی (هـربەرت سبنسـەری) بەریتـانی بەرچـاو دەکەوێـت بەتـایبەتی کاتێك کە کۆمەڵگای مرۆیی بە بوونەوەرێکی ئەندامی چواندووە.
کۆمەڵناسـی ئەمریکـی (جـۆن هـۆمنز) لە توێژینەوەیەکیـدا بەناونیشـانی: مەبەسـتمان چییە لە (بونیـادی کۆمەڵـایەتی؟ ئامـاژەی کـردوو بـۆ ئەوەی، کە بوونیاد بەو واتـایەی لە لایەن کۆمەڵناسـانەوە بەکاردەهێنرێـت پێـدەچێ ئامـاژە بێت بۆ:
یەکەم: ئەو لایەنـانەی رەفتـاری کۆمەڵـایەتی، کە هەمیشـە و بەردەوام هەن، بەڵـام بەشـێوەیەکی رێژەیـی، کە چەنـد دەزگـا فەرمـی و نـافەرمیی جیـاواز، پێکهـاتەی پـێگە ورۆڵە کۆمەڵایەتییەکـان، دامەزراوەکـانی وەك خێـزان، دابەشکارییەکی دیاریکراو بۆ پیشە و دەسهات، جۆرێکی دیاریکراوی کارلێـك و چالاکی نێوان ئەندامانی گروپێکی بچووك، لەخۆ بگرێت.
دووەم: بەشـێکی زۆری کۆمەڵناسـان چەمکـی ((بوونیـاد)) بەکـاردەهێنن بـۆ تایبەتمەنـدییەکانی ئەو دیـاردانەی لێیانـدەتوێژنەوە بەو پێـیەی ئەمـانە دیـاردەی سـەرەکین جیـا لەو دیـاردانەی کە پێیـانوایە سـەرەکی نـین. نمـونەی تایبەتمەنـدییە سـەرەکییەکان، ئەو دیـاردانەن، کە کەمتـر دووچـاری گـۆڕان دەبنەوە. بۆ نمونە خێزان، کە لە هەنـدێ حاڵەتـدا بەشـێوەیەکی زۆر هێواشـتر دەگۆڕێـت بەراورد بە بەشـەکانی دیـکەی بوونیـادی کۆمەڵـایەتی، کە خێـزان پیشتیان پێ دەبەستێت.
سێیەم: زۆرێك لە کۆمەڵناسان چەمکـی بوونیـادی کۆمەڵـایەتی بەکـاردەهێنن بۆ ئاماژەدان بەو جۆرە گشـتە کۆمەڵـایەتییەی، کە دەکـرێ بەلایەنـی کەمەوە لە رووی تیـۆرییەوە دابەش بکرێـت بـۆ چەنـد بەشـێك، کە پشـت بە یەکتـری ببەستن، بەڕادەیەك، کە هەروەك لە هەندێ کاتدا کۆمەڵناسـان بـێ هێنـانەوە بەڵـگەی پێویسـت، جەخـت دەکەنەوە لەسـەرئەوەی، کە هەر گۆڕانێـك لە هەر بەشێکدا روو بدات کاریگەری بەسەر بەشـەکانی دیکەشـەوە دەبێـت و گـۆڕان تیایاندا روو دەدات .

هاورێك لەگەڵا بۆچوونەکەی (هـۆمنز) کۆمەڵناسـی ئەمریکـی (پیـتەر بـلاو) پێیـوایە چەمکـی بوونیـادی کۆمەڵـایەتی ئامـاژەیە بـۆ جیاوازییەکـان (التمـایز) لەڕووی کۆمەڵـــایەتییەوە، پەیوەنـــدییەکانی بەرهەمهێنـــان، شـــێوەکانی بەشـــداریی و هاوبەشـــیکردن، تەواوکـــاریی بەهـــایی، پشتبەیەکتربەســـتنی وەزیفـی، پـێگە و رۆڵە کۆمەڵایەتییەکـان، دامەزراوەکـان و یـاخود تـێکەلەك لە هەموو ئەمانە .

بە واتایەکی دیکە بە بۆچوونی (پیـتەر بـلاو) بوونیـادی کۆمەڵـایەتی لە چەنـد بەشێکی پەیوەندیدار بە یەکترییەو پێکدێت. ئەو بەشانەش ئاماژەن بـۆ گـروپ و ئەو چینانەی خەڵکیـان لـێ پێکـدێت. بە دیـاریکردنێکی ووردتـر، گوزارشـتن لە شـوێنگەی کەسـەکان لەو گـروپ و تـوێژ و چینـانەی، کە لەمیـانەی چەنـد هێلێکی هەمەجۆر کار لە پەیوەندی و رۆڵا و کـارلێکی کۆمەڵایەتییـان دەکـات. بەپێی چەند مەرجێکی دیاریکراو.

کەواتە بوونیـادی کۆمەڵـایەتی گشـتێکە یـاخود پێکهـاتەیەکە، کە لە چەنـدین سیستم و دامەزراوە و دەزگای کۆمەڵایەتی پێکدێت، کە ئەوانـیش هەریەکە بە سەر چەند وورده دەستە یاخود بەشە لاوەکی دیکەدا دابەش دەبن .

بەشێوەیەکی گشتیش دوو جۆر بوونیادی کۆمەڵایەتییمان هەن:

یەکەم: بوونیادی کۆمەڵایەتی ژێرخان:(Fra – structure)

مەبەست لە بوونیادی کۆمەڵایەتی ژێرخان، بنەما ماددییەکـانی کۆمەڵگـایە، کە پێکـدێت لەو فـاکتەرە ئـابوورییە بژێوییـانەی کۆمەڵگـا و مرۆڤەکـان لە ژیـانی رۆژانەیانـــدا پشـــتیان پـــێ دەبەســـتن لە دەســـتەبەرکردنی پێداویســـتی و کەرەستە سەرەکییەکانی وەك پۆشـاك، شـوێنی حەوانەوە، خـۆراك ...هتـد و رایکردنی کاروبارەکانی ژیانی رۆژانەیان. مەبەستیش لە فاکتەرە ئابوورییەکـان ئەو بنەما پشت پێبەستراوانەیە، کە کۆمەڵگا لە دەسـتەبەرکردنی پێداویسـتییە ســـەرەکییەکان پێویســـتی پێیـــانە لە کـــرداری راپەرانـــدنی ئەرکەکـــان و بەردەوامبوون لە کارایی و چالاکییەکـانی پێشـکەوتن، کە خۆیـان لە کەرەسـتە سروشتییەکان و بوونیادی ماددی لە پرۆسەی بەرهەمهێنـان و دابەشـکردن و بەکاربردن و ...هتد دا دەبیننەوە.

بەلای هەنـدێ لە کۆمەڵناسـانەوە لەسـەرووی هەموویـانەوە (کـارل مـارکس) پێیوایە بوونیادی کۆمەڵایەتی ژێرخانە کە بوونیادی کۆمەڵـایەتی سـەروو دیـاری دەکـات، واتە بوونیـادی کۆمەڵـایەتی سـەروو پشـت بە بوونیـادی کۆمەڵـایەتی ژێرخـان دەبەسـتێت و هەر گۆڕانکـارییەك بەسـەر ئەودا بێـت دەبێـتە هـۆی هاتنەکایەوەی گۆڕان لە ئەویدیکەشیاندا. بەپێچەوانەشـەوە کۆمەڵناسـی دیـکە بەتـایبەتی (مـاکس ڤێـبەر) پێیـوایە کە ئەوە بوونیـادی کۆمەڵـایەتی سـەرووە (سیستمی سیاسی و فکر و ئایین و زانستە) کە کاردەکەنە سـەر بوونیـادی کۆمەڵـایەتی ژێرخـان و وای لێـدەکەن کە رەنگـدانەوەی وێـنە و نـاوەڕۆکی تایبەتمەنـدییە سـەرەکییەکانی فکـر و بۆچـوون و ئەو فەلسـەفەیە بێـت، کە سیستمی کۆمەڵایەتی باو لە کۆمەڵگادا باوەڕی پێ هەیە. کۆمەڵناسی دیـکە

لەوانە کـارل مانهـایم و جۆزێـف شــمبیتەر پێیـانوایە کـارلێکێکی دیـالیکتیکی و لۆژیکی هەیە لەنێوان هەردوو بووناددا.

دووەم: بوونیادی کۆمەڵایەتی سەروو:(Super structure)

مەبەسـت لەم جۆرە بوونیادە هۆشیاری کۆمەڵـایەتی، تایبەتمەنـدییە رۆحـی و نمونە باڵاکانی کۆمەڵگایە، کە خۆیان لە بیروبۆچوون و باوەڕ و نمونە باڵاکـان و بەها و پێوەر و فەلسەفە و ئایین و زانسـت و لۆژیك و ئاکار و مەعریفە و ...هتـد دا دەبیننەوە .

ئەدگار یاخود تایبەتمەندییەکانی بوونیادی کۆمەڵایەتی:

1- بوونیادی کۆمەڵایەتی لە چەند جۆرێك پەیوەنـدی پێکـدێت، کە هەر لەبەر ئەمەشــە نــاکرێ راســتەوخۆ تێبینــی بکرێــت تەنهــا لەمیــانەی وێــنەی ئەو پەیوەندییە هەسـتپێکراوانەوە نەبێـت، کە لەنێـوان تاکەکانـدا هەن و روو دەدەن لە کۆمەڵگایەکی دیارپکراودا.

2- بوونیادی کۆمەڵایەتی گشـتێکی تەواوکاریی و پێکهاتەیەکی فرەبەشــی بەیەکەوەبەنــدن، کە چەنــدین پەیوەنــدی فەرمــی و نــافەرمی ئەو بەشــانە بەیەکتری دەبەستنەوە.

3- بوونیادی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی رێژەیی جێگیر و نەگۆرە. واتا یەکێك لە گرنگترین پاڵپشـتییەکانی هەبوون و مانەوەی پارێزگـاریکردنە لەمـانەوەی بـۆ مـاوەیەکی دوور و درێژتـر، بەڵـام بەو واتـایە نـا کە رووبەڕووی گـۆران نـابێتەوە، بەڵکو بەردەوامییەکی گۆراو لەوێنەی بوونیادی ئەندامی جەستەیەکی زیندوو .

ئاستەکانی بوونیادی کۆمەڵایەتی:

بوونیـادی کۆمەڵـایەتی هەمـووەکی (البنـاو الاجتمـاعی الکلـی): بوونیـادی کۆمەڵایەتی هەمووەکی لە چەنـد یەکەیەکـی کۆمەڵـایەتی گەورە پێکـدێت، کە بــریتیین لە دامەزراوە و دەزگــا کۆمەڵایەتییەکــان، گــروپە کۆمەڵایەتییەکــان، سیســــــتمی کولتوورییەکــــان و پەیوەنــــــدییەکانی وابەســــــتەیی و پیشتبەیەکتربەستنی نێوانیان.

بوونیــادی کۆمەڵــایەتی بەشــی (البنــاو الاجتمــاعی الجزئــی): بوونیــادی کۆمەڵــایەتی بەشــی هەروەك دامەزراوەی خێــزان کە بەشــێکە لە بوونیــادی کۆمەڵایەتی هەمووەکی.

پەیوەنـدییەکی دوو لایەنە و ئـاڵووێری بەردەوام لەنێـوان هەردوو بوونیـاددا هەیە هەمـوو ئەو بەشــانەی بوونیـادی کۆمەڵایەتییـان لـێ پێکـدێت، لەمیـانەی ئەو پەیوەنــدییەوە دەکــرێ وەزیــفەی هەریەکە لە بەشــە پێکهێنەرەکــانی شــی بکرێنەوە.

پێکهێنەرەکانی بوونیادی کۆمەڵایەتی:

بەشێوەیەکی گشتی بوونیادی کۆمەڵـایەتی لە (کولتـوور کە پێشـتر باسـمان کــــرد، سیســــتم و دامەزراوە و دەزگــــا کۆمەڵایەتییەکــــان، رۆڵ و پــــێگە کۆمەڵایەتییەکان، گروپە کۆمەڵایەتییەکان، پێکدێت، کە لە باسەکانی داهـاتوودا باسی یەکە بە یەکەیان دەکەین

پێکهێنەرەکانی بوونیادی کۆمەڵایەتی (هەمووەکی)

دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکـــان گــروپە کۆمەڵایەتییەکـــان نەســـەقە کولتوورییەکان
(یـاخود سیســـتمەکان) (تاکەکـان) (یـاخود بوونیادی هێمایی)
-1دامەزراوە یـاخود سســتمی سیاســی ١- گـروپە ســەرەتاییەکان (خێزان) ١- شێوازە میللییەکان
-2دامەزراوە یــاخود ســـــتمی ئــابووری ٢- گـــروپە لاوەکییەکـــان (قوتابیانی پۆلێك) ٢- عورفەکان
-3دامەزراوە یـاخود سســتمی ئـایینی ٣- گـروپە مەرجەعییەکـان (حزبی سیاسـی) ٣- پێوەرەکان
-4دامەزراوە یـــاخود ســـــتمی خێزانـــی ٤- گـــروپە ئەتنییەکـــان (کەمینەکان) ٤- داب و نەریتەکان
-5دامەزراوە یاخود سستمی پەروەردەیی ٥- گـروپە ئارەزوومەنـدییەکان ٥- نەریت (تقالید)
-6دامەزراوە یــاخود ســـــتمی فەرمییەکـــان ٦- گـــروپە ئابوورییەکـــان ٦- بەها و نمونە باڵاکان
(بیرۆکراتییەکان).
7 - دامەزراوە یـــاخود ســـــتمی خۆشــــرابوێرییەکان چینەکـــــان ٧- یاسا چینـی خـوارو چینـی ناوەنـد چینـی باڵـا7 - گـروپە ئیکۆلۆجییەکـان (ژینـگەی سروشـتی) 8- گـروپە شـاراوە یـاخود نادیارەکان.

٦- **دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان :**

دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکـــان سیســـــتمێکی رێکخـــراو یـــاخود جـــۆری پەیوەنـدیگەلێکی تـاڕادەیەك نەگـۆڕ و دووبـارەبووەوەن، کە هەنـدێك لە بەهـا و پرۆســـە هاوبەشـــەکان دەگـــرێتەوە، کە لە بنەڕەتـــدا بوونیـــان پەیوەســـتە بە پێویستییە سەرەکی و بنچینەییەکانی تاکەکان لە کۆمەڵگادا.

کـــاتێکیش دەڵێـــین دامەزراوەی کۆمەڵـــایەتی، پرۆســـەیەکی هاوبەشـــە، مەبەســـت لێـی نمـونە رەفتـارییە سـتاندادەکانن وەك لە خێزانـدا، کە خـاوەن کـۆمەڵە پرۆســەیەکی هاوبەشــی وەك (خــوازبێنی، چـاودێریکردنی منـداڵا و ....هتــد)دە. مەبەســـتیش لە دامەزراوەی کۆمەڵـــایەتی وەك سیســـتمێکی رێکخــراوەی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــان، تـــۆری ئەو پـــێگە و رۆڵـــانەیە، کە

لەمیانەیاندا رەفتارەکان شێوەی خۆیان وەردەگرن وەك پـێگە و رۆڵەکـانی (ژن، مێرد، خوشك و برا، گەنج و ....هتددە، کە لە میانەیاندا ژیانی خێزانـی رێچـکە و شـــێوەی خـــۆی وەردەگرێـــت. وەك بەهـــای هاوبەشـــیش، دامەزراوەی کۆمەڵـایەتی هەروەك هەر لە خێزانـدا دەتـوانین تێبینـی بکەیـن وەك بەهـا هاوبەشـــەکان لەهەمـــبەر پەیوەنـــدی و خۆشەویشـــتی و منـــداڵا و ژیـــانی خێزانیەوە.
گرنگـی و بـایەخی هەر سسـتم یـاخود دامەزراوەیەك لە کۆمەڵگـایەکەوە بـۆ یەکێکـی تـر دەگۆڕێـت. لە کۆمەڵگـا سـەرەتاییەکاندا خێـزان تیایـدا بەتـایبەت خزمایەتی، سستم و دامەزراوەی سـەرەکییە و رۆلێکـی سـەرەکی دەبینـێ، هەروەهـا کـار لە سســتم و دامەزراوەکـانی دیـکەش دەکـات. لە کۆمەڵگـا دواکەوتووەکاندا رێکخستنی بیرۆکراتـی بەتـایبەت دەوڵەت بە پێکهاتەکـانییەوە، سستمی سـەرەکییە کە کـار لە سسـتمەکانی دیـکەش دەکـات. کەچـی لە کۆمەڵگـا پیشەسـازییە پێشـکەوتووەکاندا، سســتمی ئـابووری پاڵپشــت بە کولتـــووری ســـەرمایەداری بـــاو لەو کۆمەڵگایـــانەدا، کـــار لە ســـەرلەبەری سستمەکانی دیکە دەکات.
هەربۆیەش زۆر جار بەپێی سروشتی بوونیـادی کۆمەڵایەتییـان، کۆمەڵگاکـان لە چەند روویەکەوە دابەش دەکرێن:

- لەڕووی ئـابوورییەوە: دەشـێ بـاس لە بـوونی کۆمەڵگـای دەرەبەگـی و کۆمەڵگای سەرمایەداریی بکەین، یاخود کۆمەڵگـای کشـتوکاڵی و کۆمەڵگـای پیشەسازی.
- لەڕووی کولتـوورییەوە: کۆمەڵگـای تەقلیـدی و کۆمەڵگـای هـاوچەرخ و مۆدێرن.
- بەپێـــی سروشـــتی نیشـــتەجێبوونی مرۆیـــی: کۆمەڵگـــای لادێـــی و شارستانی.
- لەڕووی سیاسییەوە: کۆمەڵگایەك کە لە لایەن دەسـەڵاتێکی حـوکمڕانی کۆمارییەوە بەڕێوەدەبرێـت، هەروەهـا کۆمەڵگـایەك لە لەمیـانەی دەسـەڵاتێکی حوکمڕانی مەلەکییەوە بەڕێوەدەبرێت.

لەسـەر ئەم بنەمایەش زوربەی زانایان کـۆکن لەسـەر ئەوەی، پێـنج سسـتمی سـەرەکی هەن: سسـتمی ئابووری، سیاسـی، خێزانی، ئـایینی، پەروەردە و فێرکردن، کە ئەمانە بەشێوەیەکی رەمەکی لەمیانەی کارلێکی تاکەکان لەگەڵـا یەکتریـدا هـاتوونەتە ئـاراوە کاتێـك، کە سـەرقاڵی تێرکردنـی پێداویسـتییە جۆراوجۆرەکانیـانن. پێشـیانوایە دوو سسـتمی دیـکە هەن (خۆشـڕابوێریی، بیرۆکراتی)، کە ئەمانە لەمیانەی پلاندانانێکی هۆشیانەی تاکەکـان هەتـوونەتە کایەوە گەشەیان سەندووە.
وەك پێناســـەش سســـتم: رێســـاگەلێکی رەفتارنوانـــدن و رێکـــاریی و پیادەکردنی کردارین، پێناو و ئامرازەکانن، بونیادی هێماییین.

لەرووی ئەرکەوە سـەرەڕای وابەسـتەیی و بـوونی پەیوەنـدی لەنێـوان سسـتمەکاندا، ئەوا هەریەکەیـان ئەرکگەلێکـی هەیە و بەهـۆی ئەو ئەرکگەلەیانەوە دەناسرێن بۆ نمـونە سسـتمی ئـابووری بە ئەرکگەلێکـی وەك بەرهەمهێنـان، دابەشـکردن، بەکـارپردنی کەل و پەل و کەرەسـتە و خزمەتگوزارییەکـان، دا بەشـبوونی کۆمەڵگـا بەسـەر چەنـد چینێکـدا، دابەشکردنی وەڵاتـان بەسـەر چەنـد چینێکدا...هتـد هەڵدەسـتێت. هەروەهـا سیسـتمی سیاسـیش وەزیفەکـانی بـریتیین لە بوونیادنـانی دەوڵەت و دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان، دەرکردن و گەڵـاڵەکردنی بریارەکـان، ئاسـایش و وابەستەیی نێوخۆیی، ئاسایشـی دەرەکی..هتد .

یەکێـك لەو چەمکـانەی کە هاوشـانییەکی زۆری هەیە لەگەڵـا چەمکـی دامەزراوەدا چەمکـی رێکخسـتنە .(Organization) لەم بـارەیەوە هەریەکە لە (مـاکیڤە) و (بیـگ) لە کتێبەکەیانـدا (کۆمەڵگـا) ئاماژەیـان بە جیـاوازی و تایبەتمەنـدی ئەم دوو چەمـکە داوە و پێیـانوایە دامەزراوە بـریتییە لەو ئەحکـامە جێگیـر و نەگـۆڕانەی کە چالاکییەکـان لەسـەر ئاسـتی گـروپ هەریەکە بەپێـی تایبەتمەنـدی خۆیـان دیـاری دەکەن. مەبەسـتیش لە رێکخسـتن پەنـابردنی گـروپە بـۆ ئەو ئەحکامـانە بـۆ راپەرانـدن و راییکردنـی کاروبـارو چالاکییەکـان لە ژیانی رۆژانەدا. بۆ نمونە شـوێنەکانی خواپەرسـتی (مزگەوت، کەنیسـە) ئەمـانە رێکخسـتنن، کەچـی ئەو خزمەتگـوزارییە ئاینییـانەی پێشکەشـیان دەکەن لەمیـانەی کاتەکـانی نـوێژکردن و خواپەرسـتی، دامەزراوەن. لەسـەر ئاسـتی تاکەکەسـیش، تـاکەکەس ئینتیمـای بـۆ رێکخـراوە هەیە ناشـێ ئینتیمـای بـۆ دامەزراوە هەبێـت، لەبەرئەوەی گوزارشـتە لە کۆمەڵێـك ئەحکـام و رێوشـوێن و رێکاری رەفتاریی. جیا لەوەش رێکخسـتن وابەستەیە بە سـنوورێکی جوگرافی دیـاریکراوە، بە پـێچەوانەی دامەزراوە، کە وابەسـتەی سـنوورێکی جـوگرافی دیاریکراوی سنووردار نییە.

**٧- پێگە و رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان:**

پێگە کۆمەڵك ئەرك و لێپرسـراوێتی و مافە، کە دەربـڕی شـوێنگەی کەسـەکانە لەبەرامـبەر یەکتریـدا، کە لە یەك کاتـدا دەشـێ پێگەگەلێکـی جیـاواز لەڕووی گرنگی بایەخیـانەوە هەبێـت. هەنـدێ پـێگە دەبـنە مـایەی شـانازی پێـوەکردن وەك دەوترێ فڵان کەس دەوڵەمەندە یان زیرەکە یان جـوانە و ...هتـد بـرادەری مـنە یـان بـرا یـا خزمـی مـنە. بە پێچەوانەشـەوە لە هەنـدێ حاڵەتـدا هەنـدێ پـێگەی وەك دز کە ئەگەر خەڵکـی پەیوەنـدی نزیکیشـیان پێیـانەوە هەبێـت، مرۆڤ خۆیـان لـێ دەدزێـتەوە رەنـگە نکـۆڵی لە هەبـوونی پەیوەنـدی پێیـانەوە بکات .

لە هەر دامەزراوەیەکدا دەشـێ چەنـدین پـێگە هەبـن، وەك لە قوتابخانەیەکـدا پـێگەی بەڕێـوەبەر، مامۆسـتا، قوتـابی و ..هتـد هەن، هەریەکە لەوانە ئەرك و مافی تایبەت و دیاریکراویان هەیە و لە هەمـان کاتـدا پـێگەی دیکەشـیان هەیە

وەك بەڕیوەبەر، كە لە هەمان كاتدا رۆڵی مامۆستا، دەشێ باوك و ...هتدی هەبێت.
كەواتە ئەگەر پێگە چەند شوێنگەیەكی تایبەتی كەسەكان بێت لە كۆمەڵگادا، ئەوا رۆڵا ئەو رەفتارەیە كە لەو كەسانە چاوەڕوان دەكرێت پێگەی جیاوازیان هەیە. بەو واتایەش رۆڵی كۆمەڵایەتی كۆمەڵێك چاوەڕوانین، كە دەدرێنە پاڵا پێگەیەكی كۆمەڵایەتیی دیاریكراوەوە و بەوەوە بەستراونەتەوە. بۆ نمونە لە خێزاندا چەند پێگەیەكی وەك (هاوسەر، باوك، دایك، خوشك، برا هەبن. هەر یەكە لەو پێگانەش چەشنی ئەو رۆڵە دیاری دەكەن، كە دەبێ تاكەكان ئەنجامی بدەن. بۆ نمونە وەختێ كە رۆڵی برا یاخود خوشك دەبینین، ئەوەی لێمان چاوەڕوان دەكرێت میهرەبانی، پارێزەر، بە وەفا و ئەمەكی و ..هتدە.
هاوكات چەشنی ئەو پەیوەندیانەی لەنێوان ئەندامانی خێزاندا هەیە بەندە بە پێگە و رۆڵی هەریەكەیانەوە. هەروەك ئەوەی پەیوەندی نێوان هاوسەران جیاوازە لە پەیوەندیان بە منداڵەكانیانەوە. پەیوەندی نێوان خوشك و برا و هەریەكەیان بە جیا جیاوازە لەو پەیوەندییەی بە باوانیانەوە هەیانە .
پێگە و رۆڵە كۆمەڵایەتییەكان دەشێ بۆماوەیی و لەخۆوە بن وەك نێر یان مێ (پیاو، ژن)، شازادەیی بۆ كەسێك، كە لە خێزانی شاهانە بێت.
دەشێ پێگە و رۆڵە كۆمەڵایەتییەكان وەرگیراو و بەدەستهێنراو بن وەك پێگە و رۆڵی مامۆستا، پزیشك پشت بەستن بە زیرەكی و لێهاتوویی شارەزایی و ئاستی خوێندەوارییانەوە

**٨- گروپە كۆمەڵایەتییەكان:**

گروپ رێكخستنێكی كۆمەڵایەتی پێكهاتووە لە چەند تاكێك، كە خاوەن ناسنامەیەكی هاوبەشن و ئاشنای یەكترین. فاكتەری هەرە بەهێز لە مانەوە و بەردەوامی گروپ، وابەستەیی ئەندامانی گروپە بە یەكترییەوە، بەتایبەتی، كە خودی گروپ بە رۆڵی راهێنانی تاك هەڵدەستێت لەسەر كۆمەڵێك پێوەری كۆمەڵایەتی، كە بەوهۆیەوە رەفتاری هەموار دەبێت بەپێی ویستی گروپ و دەبێتە خاوەن ناسنامەیەكی تایبەت.
سەرەڕای ئەوەی زانایان بۆچوونی جیاوازییان هەیە لەسەر پێناسەكردنی گروپی كۆمەڵایەتی، بەڵام بنەماگەلێك هەن، كە كاری ناسیاندنی گروپی كۆمەڵایەتی وەك چەمك ئاسان دەكەن، بەو پێیەی دەبێ لە پێناسەكردنی گروپدا، رەچاوی ئەم بنەمایانە بكرێت:
1 -بوونی جۆرێك لە كارلێكی كۆمەڵایەتی.
2 -ئەندام بوون و هەستكردن بە لایەنەگیری بۆ گروپ.
3 -رێكەوتنی ئەندامانی گروپ لەسەر بەهاو پێوەرگەلێكی كۆمەڵایەتی (هوشیاری و تێكگەیشتن).
4 -بوونی ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان ئەندامانی گروپدا.
5 -پست بە یەكتری بەستن بەمەبەستی دابینكردنی پێداویستییەكان.
6 -بوونی چوارچێوە یاخود بوونیادی تایبەت بە گروپ .

کەواتە بەپێی ئەو بنەمایانە، گـروپ لە کـۆمەڵە تـاکێکی کـارلێککەر پێکهـاتوون، کە هەســتی وابەســتەیی و لایەنگیریـان بـۆ یەکتـری و گـروپ هەیە، هەوڵــی بەدیهێنــانی چەنــد ئامــانج و بەرژەوەنــدییەکی هــاوبەش و دیــاریکراو دەدەن، بەپێــی چەنــد پێــوەر و بەهــایەکی کۆمەڵــایەتی دیــاریکراو رەفتــار دەنــوێنن، بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانیان پشت بە یەکتری دەبەستن.

دەشــێ تــاك لە یەك کاتــدا ئەنــدامی چەنــد گروپێــك بێــت، لە هەر یەکە لە گروپەکانیشــدا ئەرك و بەرپرســیارێتی (رۆڵ) و چەنــدین جیــاوك (امتیــازات)ی هەبێـــت. ئەوەی ئەرکێکـــی هەرە ســـەرەکی گروپیشـــە، هێنانەکـــایەوە بەرجەســتەکردنی ئەو هــۆ و پێنــاوانەیە، کە بەهۆیــانەو ئامانجەکــانی گــروپ و ئەندامانی بەدی دەهێنرێن .

بەلای پیترم سۆرۆکین)ەوە، ئەو هۆکارانەی رۆڵی سەرەکییان هەیە لە بـوونە ئەنــدامی تــاك لە گروپــدا، بــریتین لە هەر یەکە لە خزمــایەتی فیســیۆلۆژی و پەیوەنــدی هــاوخوێنی و رەگەز، هاوســەرێتی، لێچــوون لەڕووی بیروبــاروەڕی ئـــایینی و ســـروت و جـــادوویی، هاوزمـــانی خـــۆجێی و داب و نەریـــت، بەشـــداریکردن لە خاوەنـــدارێتی زەوی و زار و ســـوود لـــێ وەرگـــرتن، هاوسێیەتی، بەشداریکردن لە بەرپرسیارێتی، لێچوویی حەزە پیشـەییەکان و .....هتد.

جۆرەکانی گروپ: بەشێوەیەکی سەرەکی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دوو جۆرن:

گروپـی سـەرەتایی :(Primary Group) ئەم زاراوەیە لە ســاڵی ١٩٠٩ بـۆ یەکەم جــار لە لایەن (چــارلس هــۆرتن کــولی) بەکــارهێنرا بــۆ وەســفکردنی گروپەکانی وەك خێـزان، هاوسـێیەتی، گروپـی منداڵە یاریکەرەکـان. ژمـارەی ئەندامانی ئەو گروپانە کەمە و پەیوەندییەکی کۆمەلایەتی بەهێز و وابەســتەیی و ســـۆز و خۆشەویســـتی و گونجـــاوی زۆر لەنێـــوان ئەندامانیانـــدا هەیە. لە دیارترین تایبەتمەندییەکان بریتین لە:

1 -پەیوەندی نێوان ئەندامانی راستەوخۆ و رووبەڕوو.

2 -کەسێکی دیاریکراو محوەری گروپی سەرەتاییە.

3 -ئەوەی ئەنـــدامانی گـــروپ باســـی لێـــوە دەکەن، بەزۆری لەبـــارەی شارەزاییەکانی تاکەکەسییە.

4 - تێکەڵــی نێــوان ئەنــدامانی گــروپ بەهێــزە و زیــاتر لەســەر ئاســتی تاکەکەسییە .

وەزیـــفەی ســـەرەکی گروپـــی ســـەرەتایی پێشکەشـــکردنی بنچیـــنە ســـەرەتاییەکانی مەعـــریفەی ژیـــانە بە تـــاك، هەر بـــۆیە ئەم گروپـــانە بە سەرچاوەیەکی گرنگی هەستی دڵنیـایی و ئـارامی دەروونـی و کۆمەڵـایەتی تاك لەرووی سۆزدارییەوە دەدەنرێن

گروپـی لاوەکیـی :(Secondary Group) ئەو گرپـانەن، کە لە ژمـارەیەکی زۆر ئەندامی کارلێککەر پێکـدێن، کە بـایەخێکی کەمتریـی هەیە سـەبارەت بە تـاك

بەراورد بە گروپە سەرەتاییەکان. نمونە گروپە لاوەکی یاخود دووەمینەکان وەك قوتابیانی کۆلێژێك، کارمەندانی وەزارەتێك، سەندیکاکان و .... هتد.
لە دیارترین ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی گروپە لاوەکییەکان"
1 -پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی ناراستەوخۆ و فەرمیین.
2 -محوەری گروپ ئامانجێکی دیاریکراوە.
3 -ئەوەی ئەندامانی گروپ لەبارەیەوەی دەدوێن، هەموو سەبارەت بە ئامانجەکانی گروپە.
4 -تێکەڵی نێوان ئەندامانی گروپ لاوازە و لەسەر ئاستی گشتییە، نەك کەسی.

گروپی ژێدەر:(Reference Group)
ئەو گروپانەن، کە ئەندامەکانیان لە ئان و سایتی وەك پریاردان و رای گشتی و هەڵویستێکی دیاریکراو و تایبەت و چەند بارێکی دیکەی هاوشێوە بۆی دەگەڕێنەوە لەمیانەی ئەوەی چوارچێوەیەکی ژێدەری رەفتارنواندنیان بۆ گەڵاڵە دەکات، کە دەشێ گروپی ژێدەر هەم سەرەتایی و هەم لاوەکی بێت و کاریگەرییەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەبێت لەسەر بیروبۆچوون و رەفتاری ئەندامانیان. تاك دەشێ لە یەك کاتدا ئەندامی چەند گرپێکی ژێدەری بێت، کە چەند جۆرێکن:
1- ئەو گروپە ژێدەرییانەی تاك ئینیتیمای فعلی بۆیان هەیە و زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە لەرووی چۆنێتی و شێوازی بیرکردنەوە و رەفتارنوادنەوە وەك خێزان...هتد.
2- ئەو گروپە ژێدەرییانەی تاك ئینتیمای میکانیکی بۆیان هەیە وەك گروپی هاوتەمەنەکان، ، ئەوانەی بەیەکەوە یاری دەکەن و ... هتد.
3- ئەو گروپەی تاك پێیوایە داهاتووی ئەو بەندە بەوەوە وەك سەندیکای ئەندازیاران سەبارەت بە قوتابیانی کۆلێژی ئەندازیاریی، سەندیکای پارێزەران سەبارەت بە قوتابیانی کۆلێژی یاسا و ...هتد.
گروپی گوشار: (Pressure Group)
بەو گروپە دەگوترێت گروپی گوشار، کە دەیەوێ بەپێی ویستی خۆی یان جەماوەر کار بکاتە سەر ئەو هێزانەی یاساکان گەڵاڵە دەکەن و بریاریان لەسەر دەدەن لە وێنەی رێکخراوە حکومییەکان ( پەرلەمان و حکومەت و دەزگا و دامەزراوەکان، رێکخراو و گروپەکان، بەرپرس و کاربەدەستان، دەوڵەتان و رێکخراوە نێوە دەوڵەتییەکان و...هتد. نمونە گروپەکانی گوشار (سەندیکاکان، کۆمەڵەکانی پارێزکار لە بەرهەمهێنان و بەکاربەران، کۆمەڵەی دایکان و باوکان. پێویستە هەوڵ و ئامانجی کاری گروپی گوشار گشتی بێت لەسەر ئاستی ئەندامانی گروپ و دوور بێت لە بەرژەوەندی و ئامانجی تایبەتی، هەربۆیەش دەبینین، بۆچوونێك هەیە پێوایە، کە بەزۆری حزبە سیاسییەکانی لە ریزی

گروپەکانی گوشار هەژمار ناکرێن، مادام بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ئاشکرا هەوڵی بەدەستهێنان و گەیشتن بەدەسەڵات دەدەن.

گروپی شاراوە: (confidential group)

ئەو گروپەیە کە ستراتیژ و پلان و بەرنامەی کار و ناوی ئەندامانی شاراوە و سنووردارە وەك گروپی شاراوەی پارتیزانەکان، باشترین نەژادی مرۆیی، مافیا و هتد. لە ساڵی ١٨٦٦ گروپی ئەمریکی نەژادپەرستی سپی پێستەکان (کوکلوکس کلان) دروستبوە، کە کاری سەرەکی دژایەتیکردن و لەناوبردنی ئەو کەسانە بوون، کە سەر بە مەزهەبی کاسۆلیکین، جولەکە، رەشپێستەکان.

**٩- گردبوونەوە:(Crowd)**

گردبوونەوە یاخود ئاپۆرا سەرەتاییترین و نابەردەوامترین گروپی کۆمەڵایەتییە، کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکی دیاریکراودا دروست دەبێت بەهۆی بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، یاخود رووداوێکدا... هتد دا.

جۆرەکانی گردبوونەوە:

یەکەم: گردبوونەوەی بە رێکەوت: گردبوونەوەی کۆمەڵە کەسێکە بەهۆی رووداوێك یاخود بارێکی تایبەتەوە، کە دۆخێکی رێکخراوی نییە، هاوسێیەتی هۆکاری پەیوەندیکردنی تاکەکانە بە یەکترییەوە.

دووەم: گردبوونەوەی گرێبەست: ئامانجێکی دیاریکراو و تایبەت هۆکاری گردبوونەوەی ئاپۆرەبوانە، کە هاوبەشن لە نواندنی چەند رەفتارێکی تایبەتدا بەپێی چەند رێسایەك. نمونەی گردبوونەوەی گرێبەستی کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسێك لە هۆڵێکی وەرزشیدا بۆ دیتنی یارییەك.

سێیەم: گردبوونەوەی ئامانجدار: هۆکاری سەرەکی گردبوونەوەی ئاپۆرەبووان، ئامانجێکی دیاریکراوە، کە بریتییە لە دەربڕین و سەلماندنی هەستی وابەستییان بە گروپەوە.

چوارە: گردبوونەوەی هەنگاوەر: جۆرە گردبوونەوەیەکە، کە لە حاڵەت و ئامانجی سەرەکی گردبوونەوەکە دەردەچێت و ئاپۆرەبووان ناتوانن کۆنترۆڵی هەست و سۆز و هەڵچوونەکانیان بکەن، بەو هۆیەوەش هەنگاوی جیاواز دەهاوێژن لەوێنەی تێکدان و تاڵانی و کوشتار و ئازار و ئەشکەنجە و نواندنی توندو تیژی و رووبەڕووبوونەوە.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئاپۆرا بەشێوەیەکی بریتیین لە:

1 -پەیوەندی نێوان ئەندامانی ئاپۆرا کاتی و شیاوی پچڕانە.

2 -شێوە یاخود رێکخراوییەکی دیاریکراوی نییە.

3 -تاکەکان زۆر پەیوەستن بە هەست و سۆز و هەڵچوونە ساتەوەختییەکان.

4 -بە زۆری ئەقڵ و لۆژیك وەك پێویست زاڵ نین بەسەر چۆنێتی بیرکردنەوە و رەفتارنواندنی خەڵکی گردبووەوەدا.

5 -هەســـتە ســـۆزئامێزەکان و هەڵچوونەکـــان زۆر بەشـــێوەیەکی خێـــرا و سەراپاگیرییانە کاریگەرییان بەسەر ئاپۆرەبووانەوە هەیە.
6 -ئـــاپۆرەبووان زۆر خێـــرا رەفتـــار دەنـــوێنن بەشـــێوەیەك دەرفەتـــی تەواوی خوێندنەوە و بیرکردنەوەیان لەو شتە نییە، کە ئەنجامی دەدەن.
7 -کەســـایەتی و پـــێگەی کەســـی ئـــاپۆرەبووان لە ئانوســـاتی گردبـــوونەوەدا تاڕادەیەکی زۆر لەبەرچاو ناگیرێن.

## ١٠- چینە کۆمەڵایەتییەکان :Social Classes

چینی کۆمەلایەتی، گرووپێکی پێکهاتووە لە چەنـد کەسـێك یـاخود بەشـێکە لە کۆمەڵگـا، کە خـاوەن پێگەیەکـی کـۆمەلایەتی تـاڕادەیەك لێکچـوون بەهـۆی لێکچووییان لەڕووی جیاوکەکانی خێزانی و هەلـومەرجی پیشـەیی و خوێنـدن و داهاتەوە.

بەو پێـیەش، گرنگتـرین ئەو هۆکـارە جیـاوازانەی رۆڵیـان هەیە لە دیـاریکردن و ناسینەوەی چینی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەکۆمەڵگـا هاوچەرخەکانـدا بـریتین لەمانە:

1-سامان و داهات.
2 -ئاست و شێوازی پەروەردە و فێرکردن.
3 -کار و پیشە و شوێنگەی پیشەیی.
4 -خێزان و گرووپی خزمایەتی.
5 -دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئەوەی مایەی سـەرنجە لێـرەدا ئەوەیە، کە سـەرلەبەری ئەو هۆکـارانە هەمـان ئەندازەی مانا و بایەخ و گرنگی، هەروەها کاریگەرییان وەك یەك نییە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا.

بێگومان هەر ئەم هۆکارانە نابنە هۆی دیـاریکردن و ناسـینەوەی چـین، بەڵکـو ئەوەی پێـی دەوترێـت (هۆشـیاری چینـایەتی)، کە مەبەســت لێـی مەیـل و هەست و ئینتیما و راددەی وابەستەیی کەسەکانە بۆ ئەو چینـەی خۆیـانی بە بەشێك لێی دادەنێن، کە گەلـێ جـار بە مـایەی ناسـاندن و رووکـاری خـودی چین لە قەڵەم دەدرێت.

بەشێوەیەکی گشـتی کۆمەڵگـا پێکهاتووەکـان لە چـین خـاوەن سروشـتێکی هەرەمـین بەشـێوەیەك، کە ئەوانەی خـاوەن چەنـدین جیـاوکی (امتیـازات) هەمەجـۆری لە رادەبەردەن لە تروپکـی هەرەمـدان، ئەوانەشـی کە خـاوەن جیاوکی زۆر کەمن و بێ هێزن، ئەوا لە بەشی هەرە خوارەوەی هەرەمدان.

بەشـێوەیەکی گشـتی سســتمی چیـنە کۆمەڵایەتییەکـان لە جیهانـدا دوو بەشی سەرەکییە:

- سسـتمی چینـایەتی کـراوە: ئەم سسـتمە بە سسـتمێکی نمـونەیی چینایەتی هەژمار دەکرێت بەهـۆی ئەوەی براوتـی چینـایەتی لە چینـێکەوە بـۆ یەکێکـی تـر ئاســاییە و رێــگە پێــدراوە. هاوکــات جیــا لەوەی ئامــانجی ئەم

سـسـتمه رەخسـاندنی هەلی یەكسـانە لەبەردەم هەمووانـدا، بەڵـام نەیتوانیـوە ئەو ئامـانجە بە كـردار لە واقعـدا بســەلمێنێ و نیشــان بـدات، بەڵكـو زیـاتر لە رەهەندێكی خەیاڵئامێزی هەیە.
- سـستمی چینایەتی داخراو (كاسـت)، كە بەدرێژایی چەندین سـەدە لە هندســتاندا لە كـاردا بـوو، كە جـگە لە چـوار كاســتی ســەرەكی (براهمـا = پیــاوانی ئــایینی)، كشـــاتریا = جەنگاوەرەكـــان)، (وســـیا = كاســـبكار و پیشەكاران)، (سـودرا = خزمەتكـاران)، بـێ چـین (پـیس) لەخـۆ دەگـرت. ئەم سـسـتمە بـۆیە بە داخـراوی هەژمـار دەكرێـت، لەبەرئەوەی كەسـەكان نـاتوانن چینــی خۆیـان بگـۆڕن و لە چینـێكەوە بچـنە یەكێكـی تـر بەهـۆی ئەوەی هەر كەس هەر لە لەدایكبـوونییەوە پـێگەی كۆمەڵـایەتی و دەسـەڵاتی پێـدەدرێت و زیاتر حاڵەتێكی بۆماوەیی هەبوو بەڕادەیەك حـاڵەتی ژن و ژنخـوازی هەر تەنها لەنێوان ئەنـدامانی تایفەیەكـدا ئەنجامـدەدرا. ئەم سـسـتمە زیـاتر رەهەنـدێكی ئـایینی هەیە. سـەرەڕای هەوڵەكـان بـۆ كەمكـردنەوەی بنەمـا و رواڵەتەكـانی (كاسـت)، بەڵـام هێشـتا لە بـارێكی نافەرمیـدا ئەم سـسـتمە بـوونی هەیە. هاوشێوەی ئەم سـستمە لە چەند شـوێنێكی دیـكەی وەك سـیلان و بۆرمـا و هەندێ ناوچەی ئەندۆنیزیا و هەموو ئەو شـوێنانەی كـاریگەری شـارسـتانییەتی هیندیان بەسـەرەوە هەبووە، هەروەها لە ئەفریقا و لەنـاو هۆزەكـانی (بەهیمـا) دا (بیرۆ) و (حامی تیك بەهیما) بەدیكراوە.
بەشــێوەیەكی گشــتی لە رەوتــی پەرەســەندنی مــێژووی مرۆڤــایەتی، سـەرەڕای بـاس لە بـوونی كۆمەڵگـای بـێ چـین دەكرێـت لە حـاڵەتی هەرە سەرەتاییدا بەتـایبەتی لە دۆخێكـدا، كە شـتێك بەنـاوی موڵكـایەتی تـایبەت لە هەر بوارێكدا بوویێت بوونی نەبووە، ئەوا كۆمەڵگاكان هەمیشـە خـاوەن جۆرێـك لە دابەشـكاریی و پۆلێنی چینەكان بوون، هەروەك ئەوەی كۆمەڵگـا بـوونی دوو چینــی كــۆیلە و خــاوەن كــۆیلە، دەرەبەگ و جوتیــار، دەوڵەمەنــد و هەژار، سـەرمایەدار و كرێكار بەخـۆوە بینیـوە. هەنـدێ جـاریش بـاس لە بـوونی سـێ چینی دابەشبوو بەسـەر سـێ ئاسـتی باڵا، ناوەند، خوارووو دەكرێت.
تایبەتمەندییەكانی چین :
1 -چینـی كۆمەڵـایەتی لەرووی پێكهـاتە و هـۆی دروسـتبوونییەو لە كـۆمەڵە و رێكخــراو گروپەكــانی تــر جیــاوازە و حــاڵەتێكی پێشـــكەوتووتری هەیە و لە هەلــومەرجی كۆمەڵــایەتی و ئــابووری و سیاســـی تــایبەت و دیــاریكراودا دەردەكەون.
2 -چیـنە كۆمەلایەتییەكـان تـاڕادەیەك لە بوونیـاد و بەردەوامـی مانەوەیانـدا جێگیــرن بەهــۆی ئەوەی بەرهەمــی بوونیــادێكی پێكهــاتوو لە سـســتمی ئابووری، كۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و بەهایی دروسـتی كـردوون، كە بە ئاسـانی لەناوناچن.
3 -چـین خـاوەن كولتـوورێكی تـایبەت و تـاڕادەیەكی زۆر هاوبەشـە لەنێـوان ئەوانەی چینیــان لــێ پێكــدێت، كە كولتــووری چینــایەتی پێــدەگوترێ.

بەمجۆرەش دەکرێ هەر چینێك ووردە کولتوورێك بێت بۆ خۆی لەناو کولتووری گشتی و باوی کۆمەلگادا.
4 -وابەستەیی و یەکگرتوویی چین لاوازترە لە هی توێژ و گروپ و دەستە و تایەفە و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی ئەوەی، کە ژمارەی ئەو کەسانەی چینیان لێ پێکدێت زیاترە و زۆرە
5 -لەڕووی رێکخراوەییەوە، چین خاوەن رێسای رێکخراو نین.
بۆچوونەکان لەبارەی چین و ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵناسیدا، بەسەر چەند ڕەوتێکی سەرەکییدا دابەش دەبن:
رەوتی یەکەم: شیکردنەوەی ئەم رەوتە بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکان تەواو شیکردنەوەیەکی ئابوورییانەیە لەوەدا، کە تاکەکان بەپێی جۆری پەیوەندییان بە کەرەستە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و خاوەنەکانیان، فرۆشیاران و هێزی کار، بەسەر چینی جیاوازدا دابەش دەبن.
دارێژەری سەرەکی ئەم بیرۆکەیە و سەرمەشقی ئەم رەوتە ( کارل مارکس)، کە پێیوابووە مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی ملامنێی چینەکانە، کە بەدەر لە ویستی دەوڵەت و مرۆڤ دروست دەبن. ئەو لە نووسینەکانیدا لەم بارەیەوە، جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی، مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی چینایەتی و ململانێی نێوان دوو چینی کۆمەڵایەتی (دەسەڵاتدار و ژێر دەستە، چەوسێنەر و چەوساوە یان ستەمکار و ستەملێکراو)ی هەمیشە ناکۆك لەگەڵا یەکتریدا بەتایبەتی لە کۆمەڵگای کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریدا. ئەو پێیوابووە بوونی و چین و ململانێی چینایەتی بەندە بە سەرهەڵدانی هەریەکە لە مولکییەتی تایبەت و دابەشبوونی کار و دەسەڵات، کە هۆکاری سەرهەڵدانی نایەکسانی قۆرخکارییەکانن، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا و سەردەمانێکدا، کە بەشێك لە کۆمەڵگا بە ناوی چینێکی دیاریکراو قۆرخی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی کردووە بەڕاددەیەك کرێکارانی لە کۆشش و رەنجی خۆیانیش نامۆ کردووە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. مارکس پێیوابووە هەر ئەم خاوەندارێتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانە دەبێتە هۆی دەسەبەری ئیعتیباراتی کۆمەڵایەتی و سیاسیش بۆ چینی باڵادەست، کە سەرەنجام هەر ئەم دۆخەشە دەبێتە هۆی ئەوەی چینی کرێکاری چەوساوە لەمیانەی هەستکردنی بەو باردۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونییە دژوارەی تیایدا دەژێین، هۆشیاری چینایەتییان لا دروست بێت، کە دواجار یەکێتییەکی چینایەتی لەنێوانیاندا دروست دەبێت و شۆڕش دژی چێنی بەرامبەر ئەنجام بدەن .
رەوتی دووەم: رێبەرانی ئەم رەوتە چەند بیرمەندێکن (جۆرج گۆرڤیچ و ریمۆن ئارۆن و ماکس فێبەر و ...هتد)ن، کە لەبارێکدا دەکرێت بە دژە رەوتی یەکەم هەژمار بکرێن، لە بارێکیشەوە بە چاکسازی بنەمایی بۆچوونەکانی رەوتی یەکەم و بەتایبەت مارکسەوە سەرقاڵا بوون. لەبەرئەوەی ئەم بیرمەندانە دژی

ئەوەبوون، کە بۆ نمـونە هەر تەنهـا لە شــیکردنەوەی چیـنە کۆمەڵایەتییەکانـدا و پێناسـەکردنیدا، هەر تەنها لایەنی ئابووری بکرێتە بنەمـا، بەڵکـو جیـا لەو لایەنە، بە لێکدانەوەی هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیشـەوە سـەرقاڵ بـوون لە باســی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا .

بەلای مـاکس فیــبەرەوە چینــی کۆمەڵــایەتی گــروپێکن لە خەڵکــی کە یەك شێوە لێکچوونی چینبەندییان هەیە. ســێ جـۆر توێژبەندیشــی لە کـۆمەڵگەدا دیاریکردووە:

یەکەم: سـەرەڕای کۆکبوونی لەگەڵ مارکسـدا سـەبارەت بە کاریگەری رەوشــی ئابووری لە دابەشــکردنی تاکەکـان بەســەر چەنـد دەســتە چینێکـی جیـاوازدا، بەڵام بە پێچەوانەی مارکسـەوە پێیوابـووە، کە دابەشــکارییە چینایەتییەکـان هەر لە کـۆنترۆڵکردنی ئـامراز و کەرەســتەکانی بەرهەمهێنـانەوە سـەرچاوە نـاگرن، بەڵکــــو پەیوەنـــدییان بەو جیـــاوازییە ئابوورییانەشــــەوە هەیە، رەنـــگە هەر پەیوەندیشـــیان بە خاوەنــدارێتییەوە نەبێــت. هەروەك بەهــرە و لێهــاتوویی و شــارەزایی راهێنــراوی، کە دەکـرێ کاریگەریـان بەســەر جــۆری ئەو کـارەوە هەبێت، کە خەڵکە رایبان دەپەڕێنن. بـۆ نمـونە هەروەك ئەوەی شـوێنگەی تـاك لە بازاڕدا، کە کاریگەری زۆری بەسـەر ئەو هەلانەوە هەیە، کە مـرۆڤ لە ژیانییـدا بۆی رێدەکەون. هەروەهـا ئەوانەی، کە پۆســتێکی ئیـداریی یـاخود پیشــەییان بەدەستەوەیە، دەشـێ جۆری کارو دەسـهاتێکی باشتریان بـۆ دەســەبەر بێـت. بەهەمـان شـێوە سـەبارەت بەوانەی خـاوەن بڕوانـامەی زانســتی لێهـاتوویی باڵان.

دووەم: پێگە: بە واتای پێگەی کۆمەلایەتی تاك لەناو کۆمەڵگەکەیـدا، کە پشــت بە شــێوازی ژیانیـان دەبەســتێت. لەبەرئەوەی پشــت بە ئامـاژە و هێماگەلێـك دەبەســتێت، کە رۆڵیــان هەیە لە بەخشـــینی شـــوێنگەیەك بەو تاکــانەی، کە هاوشــێوەن لە هەنــدێ شــتدا وەك، پۆشـــینی جلـوبەرگ، جــۆر و شـــوێنی نیشـــتەجێبوون، شــێوازی گفتۆگــۆ و رەوشـــی پیشــەییان و ....هتـد. فیـبەر پێیوابووە، کە پێگە ئەگەری گۆڕانی هەیە دوور لە رەوشـی ئـابووریش. دروســتە کە هەندێ کەس بەهۆی بوونی سـەروەت و سـامانەوە پێگەیەکی باڵـان هەیە، بەڵام دوای لە دسـەتدانی سـەروەت و سـامانەکەشیان، دەشـێ ئەو پێگەیەیـان هەر بمێنێ.

ســێیەم: دروســتبوونی پارتەکـان (حزبەکـان) لە کۆمەڵگـا هاوچەرخەکانـدا، کە لایەنێکە لە لایەنەکانی ((هێز)) و بەشـدارییەکی کـاریگەری هەیە لە پلەبەنـدی کۆمەڵایەتی بەبێ کاریگەری هەریەکەش لە هەردوو چەمکـی چـین و پـێگە. بە تێگەیشــتنێکی گشــتی، پـارت بـریتییە لە گروپێـك تـاك، کە یەك باکگراونـدی کۆمەڵـــــایەتی و ئامـــــانج و بەرژەوەنـــــدی هـــــاوبەش لە دەوری یەکتـــــری کۆکردوونەتەوە، هەوڵی بەدیهێنـانی ئامانجەکانیـان دەدەن لەمیـانەی پـارتەوە. فیــبەر جیاوازییەکــانی هەر یەکە لە رێکخســتن و پــێگەی حزبــی لەســەر ئەو بنەمایە راڤە دەکات، کە ناتوانرێ لە رەوشـە چینـایەتییەکە دابـبڕێن، لەبەرئەوەی

هەردووكیـان كاریگەریـان بەسـەر رەوشـی ئـابووری و چینـایەتی تـاك و گروپەكـانەوە هەیە. ئەمە و جیـا لەوەی پـارتە سیاسـییەكانی بە ئەركـی گەڵاڵەكردنی هێڵە جیاكارییەكانی چینایەتیش هەڵدەستن، وەك پارتە ئـایینی و نەتەوەییەكان.

رەوتـی سـێیەم: ئەم رەوتە رەوتێكـی میـانڕەوە لەنێـوان هەردوو رەوتـی پێشـوودا. كاتێـك دەركەوت كە ئەریـك ئـۆلین رایـت كۆمەلناسـی ئەمریكـی بە سوودوەرگرتن و ئاوێتەكردنی چەند لایەنێك لە ئاراستە تیۆرییەكانی مـاركس و ڤێبەر تیۆرێكی بەهێز لەبارەی چینەوە گەڵاڵە كـرد. بە پێـی تێڕوانینـی رایـت لە سیسـتەمی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداری مۆدێرنـدا كـۆنترۆڵی سـەرچاوە و توانا ئابوورییەكان سێ رەهەندی هەیە . ئەم سێ رەهەندانە توانای ناسـینی چینە سەرەكییەكانمان بۆ ئاسان دەكە .
1-	كۆنترۆلی سەرمایەگوزارییەكان یان سەرمایەی دراوی.
2-	كـۆنترۆلی ئـامرازە مادییەكـانی بەرهەمهێنـان (زەوی یـان كـارگە و نووسینگەكان).
3-	كۆنترۆلی هێزی كار .
ئەو كەسـانەی كە لە چینـی سـەرمایەدارن كـۆنترۆلی هەرسـێ رەهەنـدی سیسـتەمی بەرهەمهێنـان دەكەن. ئەنـدامانی چینـی كرێكـار كۆنترۆڵی هیچیان لەدەست دانییە. لە نێوان ئەو دوو چینە سـەرەكیەدا چەنـد گروپـی دیـكە هەن كە شـوێنگەیان نادیـارترە. بەرێـوەبەر و كارمەنـدە پەخەسـپیەكان. ئەم تاكـانە لە شـوێنگەیەكی چینـایەتی ناكۆكـدان چـونكە دەتـوانن كاریگەریـان هەبێـت لەسـەر هەنـدێك لە لایەنەكـانی بەرهەمهێنـان، بەڵـام رێگەیـان پـێ نادرێـت كـۆنترۆلی لایەنەكـانی دیـكە بـكەن. بـۆ نمـوونە كرێكـارانی پیشـەیی و پەخەسـپی ناچـارن هێـزی كـاری خۆیـان بەخـاوەن كارەكان بفرۆشن تا مووچەی خۆیان دابین بكەن. بە هەمان ئەو شـێوەیەی كە كرێكارانی دەستی هەمان كاردەكەن. بەڵـام لە هەمـان كاتـدا ئەوان لە بەراورد بە زۆرینەی كرێكارە پەخە شینەكان كۆنترۆڵێكی زیاتری ژینگەی كاریـان هەیە. رایـت پـێگە ی چینـایەتی ئەو پەخە سـپیانە بە نـاكۆك ئـامێز لە قەلەم دەدات ، چـونكە نە سـەرمایەدارن و نە كرێكـاری سـادە. بەڵـام لەگەڵ هەریەكێـك لەم دووانە لە بەشێك لەو تایبەتمەندییانە هاوبەشن.
هەندێ لە بیرمەندان پشتگیری لە دابەشبوونی كۆمەڵگا دەكەن بەسەر چەنـد چینێكـدا، بە بیـانووی ئەوەی بـوونی چینەكـان لە كۆمەڵگـا، دەبـنە مـایەی جێگیـری كـۆمەڵگە بـزوێنەری چالاكییەكـانی كۆمەڵگـان، هەر بـۆیە بـوونی چینەكـان گرنگتـرە لە پرسـی یەكسـانی تاكەكـان. بەپێچەوانەشـەوە دەسـتیەكی دیـكەی بیرمەنـدان داكـۆكی لە پرسـی یەكسـانی تاكەكـان و نەبـوونی چینەكـان دەكەن لە كۆمەڵگـادا و دەڵێـین: لە لە ئەسـڵدا سروشـتی مـرۆڤ سروشـتێكی باشـە و ئەوە سسـتم و چێوارچێـوە كۆمەڵـایەتییە

هەڵەکانن هۆکاری بوونی گەندەڵی نادادپەروەری نایەکسانی دەسەڵات و سامان فێڵا.

## ١١- دیاردەی کۆمەڵایەتی:

بەلای کۆمەڵناسانەوە دیاردە کۆمەلایەتییەکان هەر تەنها بریتی نین لە کۆمەڵە رەفتارێکی تاکەکەسی و نەگۆڕ لە شوێن و کاتدا، بەڵکو لە خەسڵەتە کۆمەڵی و خێزانی چینایەتی و نەتەوەییەکانیشەوە سەرچاوە دەگرن و ئەنجامی پەیوەندی نێوان تاکەکان و دەستڕۆیی باڵادەستی کۆمەڵەکانن.

لەڕوی پێناسەکردنەوە، گرنگترین پێناسە بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە، کە دەڵێت دیاردەی کۆمەڵایەتی رووداو و یاخود رەفتارێکی دووبارەبووەوەیە لەڕووی روودانییەوە، کە دەشێ ببینرێ و هەست بە بوونی و کاریگەرییەکانی بکرێت هەروەك تاوان، لێکجیابوونەوە، شەڕ و ...هتد .

تایبەتمەندییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان:

1 -دەرەکیبوون یان بەرجەستەبوون: واتە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەشێك نین لە کەسیایەتی تاکەکان تا دوای تێپەڕینیان بە کرداری بە کۆمەڵایەتیبوون، کە بەو هۆیەوە سەرلەبەری نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوەی کە پێویستییانە بۆ ژیانکرد لە کۆمەڵگادا بەدەستی دەهێنن. هەر بەو هۆیەوەش رەگەزگەلێکی فزیکی دەروونی لە دەرەوەی پێکهاتەی فیزیکی و دەروونی خۆیان، دەکەنە بەشێك لە کەسێتییان. ئەم دیاردانە ئەوەندە لەگەڵ کەسایەتیی ئێمەدا تێکەڵاو دەبن کە ناتوانین بەئاسانی هەست بەدەرەکی بوونیان بکەین. زۆربەی ئەم دیاردانە هاوبەندییەکی تایبەت لەگەڵ هەستەکانماندا دروست دەکەن، بەشێوەیەك کە تەنانەت دەشێ وازلێهێنانیان بۆ ئێمە نامومکین بێت. هێزی ئامادەیی هزر و هەستی ئێمە لە بەرامبەر ئەم دیاردانەدا هەمیشە بە یەك شێوە نییە. هەندێکیان بەچاکی دەناسین و لە هزرماندان، بەڵام لە هەندێ شتی دیکەی وەکو ماددە جیاجیاکانی ئەو یاسایەی کە حوکم بەسەر ژیانماندا دەکەن دەشێ بێ ئاگابین، هەرچەند ئەم دیاردانە لە دەرەوەی وجودی ئێمەدا هەن.

2 -حەتمی بوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان: حەتحمی بوون زووربەی جار پەیوەندی بە دەرەکیبوونی دیاردە کۆمەلایەتییەکانەوە هەیە. هەروەها حەتمی بوونی دیاردەکان لە هێز و پاڵپشتییە کۆمەڵایەتیی و خۆسەپاندنیانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە رەگەزی ئەویش بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، کە لەمیانەی کرداری بە کۆمەڵایەتیکردنەوە، تاکەکان ناچار دەکەن تا پەیڕەوی لە فەرمان، بڕیار، یاسا و داب و نەریت و ...هتدە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، ئەگینا رووبەڕووی پەرچە کرداری کۆمەلایەتی کۆمەڵگا دەبنەوە. بەڵام دەبێ هەمیشە ئاگاداری ئەوەش بین، کە حەتمیبوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان رێژەییە.

3 -سـەراپاگیری دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان: مەبەسـت لە سـەراگیریی دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان هەبـوون و بڵاویـانە بە پـلەی جیـاواز لە کۆمەڵگـادا. واتە و هەروەك ئەوەی دۆرکهـایم پێیـوایە، دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان بـارێکی دەسـتە جەمعییـان هەیە لەوەدا، کە بەسـەر سـەرلەبەری تاکەکانـدا دەسـەپێندرێ، هەربـۆیەش بەشـێوەیەی دووبـارەبووەوە لە لە لای هەمـووان دەبینـرێ و هەستی پێدەکرێت.

پۆلێنکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

لەبەر ئەوەی گشـت دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان یەك تایبەتمەنـدییان نیـیە و جیـاوازن، دەتـوانین لەرووی تایبەتمەنـدییە گشـتییەکانەوە بـۆ چەنـد دەسـتەی سـەرەکی دابەشیان بکەین کە بریتین لەمانە:

-ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە هەیە،

-ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە فیزیۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە هەیە،

-ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە رەفتارە گرووپی و جەماعییەکانەوە هەیە.

لەم پـۆلێنکردنەدا زێتـر بۆچـوون سـەرچاوەی دیـاردەی کۆمەڵـایەتی و پێکهـاتە گشـتییەکەیەتی و پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئەوە بکەیـن کە دەتـوانین دیـاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی دیکەشەوە بـۆ نمـوونە تونـدی و لاوازی یـان مـادی و نامادی بوونیش پۆلێن بکەین. لە خوارەوەدا بەکورتی ئەم سـێ جۆرەی دیـاردە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکەین.

1 -مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵـایەتی: ئەو تایبەتمەنـدییانە دەگـرێتەوە کە پەیوەنـدیان بە بونیـاد و پێکهـاتەی مـادیی کۆمەڵگـاوە هەیە، وەکـو رەوشـی نیشـتەجێبوون، شـوێنی نیشـتەجێبوون، شـوێنگەی سروشـتی و جـوگرافی، نەخشـەی شوێن، شێوازی بینایە و باڵاخانەکـان، بـارودۆخی بیناسـازی، پەراگەنـدەیی و چڕیی دانیشتوان و بەگشتی ئەو دیـاردانەی کە پێکهـاتە و شـێوەی دەرەوەی کۆمەڵگا پێکدێنن. ئەم کۆمەڵە دیاردانە بەگشتی سەقامگیریان پێوە دیـارە و لە ریزی مادیترین دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دان.

2 -فیزیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی: فیزیۆلۆژیـای کۆمەڵـایەتی ئەو دیـاردانە دەگـرێتەوە کە تایبەتن بە ئەرك و پەیوەنـدی و دامەزراوەکـانی نـاو کۆمەڵگـاوە و بـۆ نمـوونە دیاردەگەلێکی وەکو: پەروەردە و فێرکردن و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی، ئایین و رێکخراو و گرووپ و دەسـتەکانی، رابـواردن و شـێوەی بەسـەربردنی کـاتی بێئیشـی، حکـومەت و شـێوازی پەیوەنـدییە سیاسـییەکان و ئەو مەسـەلانەی لێـی دەکەوێـتەوە، خێـزان و پەیوەنـدییە خێزانییەکـان و ئەوەی لە چوارچێـوەی ئەم دامەزراوە کۆمەڵـایەتییەدا دێتەبـوون، رێکخـراوە ئابوورییەکـان و تـۆری بەرهەمهێنـان و بەکـاربردن، و هتـد... هەموویـان روخسـاری دیـاردە فیزیۆلۆژییەکانن لە کۆمەڵگادا.

ئەم کـۆمەڵە دیـاردە کۆمەڵایەتیـانە بەبەراورد لەگەڵ مۆرفۆلۆژیـای کۆمەڵـایەتی دەرکەوتنـی دەرەکییـان کەمتـرە و لەرووی مـادیبوونەوە بەپـلەی دووەم دێـن.

دیاردە فیزیۆلۆژییە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان لەبەر ئەوەی زۆر هەمەجۆرن بـابەتی لقە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسـین.
3 -رەفتــارە گرووپــی و جەماعییەکــان: ئەم دیــاردە کۆمەڵایەتیــانە لەوانەیە نامادیترین و لە هەندێ حاڵەتدا کەم سەقامگیرترین دیاردەی کۆمەڵـایەتی بـن و ئەو رووداو، بیرورا، هەڵچوون، هەسـت و سـۆز یان ئەو لایەنـانە دەگـرێتەوە کە لەوانەیە لەناو گرووپ، چین، یان تەنانەت نەتەوەیەکی تایبەتدا هەبـن. دەتـوانین لەم نموونانەی خوارەوەدا سەروسـیماکانی ئەم جـۆرە دیـاردانە ببینیـنەوە: ئەو هەسـتەی کە ئێـرانیەك بەرامـبەر نەتەوایەتیـی خـۆی هەیەتـی، کەسـانێك کە دەکەونە ژێر کاریگەریی تەلقینێکـی مـۆدە یـان رۆشـنبیریی دیـاریکراوەوە، یـان کەسـانێك کە لە رێپێوان و خۆپیشـاندانە سیاسـییەکاندا بەشـداری دەکەن.
وابەستەیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان
ئەو سـێ جـۆر دیـاردە کۆمەڵـایەتییەی کە لە پـۆلێنکردنە گشـتییەکەی سـەرەوەدا خرانەڕوو، ئەگەرچی وا دێتە بەرچاو سەرچاوەیەکی سـەربەخۆیان هەبـێ و هەریەکیـان تایبەتمەندیی تایبەتی هەبێ، بەڵام ناتوانین هیچ کامیان لە جۆری سەربەخۆ دابنێـین.
دیــاردە کۆمەڵایەتییەکــان پەیوەنــدیی دوولایەنە و بەنێــو یەکـــداچوویان هەیە و لە لێکۆڵینەوەی هەر کامیاندا پێویستە گشت هۆکارە کاریگەرەکانی تریش حسـێبیان بـۆ بکرێ.
ئــایین کە لە جــۆری دیــاردە فیزیۆلـۆژییە کۆمەڵایەتییەکــانە بــوونی کــۆمەڵگەلێکی (communities)تــایبەت لە شــوێنگەلێکی دیــاریکراو بە پێویســت دادەنێــت. ئەم زەروورەتە لە ئایینی ئیسلامدا بۆ نموونە دەبێتە هـۆی دەرکەوتنـی شـوێنێکی تـایبەت بەناوی مزگەوت کە شێوازی بیناسازییەکەی لە بابەتی مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا بـاس دەکرێـت. کۆبـوونەوەی تاکەکەســان بە بـۆنەی دیــاریکراو و بەشــێوەی گرووپێــك کە هاودەمە لەگەڵ پەیرەویکردن لە داب و رێورەسمی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، هەڵچوونی کۆمەڵـــایەتی تایبەتیشـــی لێـــدەکەوێتەوە. بیروبـــاوەڕ، داب و رێورســـم و ئاراســـتە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی بنەڕیـان لەسـەر شـێوەی سـەقامگیریی کۆمەڵەکانـدا هەیە.
جـگە لەم لایەنـانە پێویســتە حیســاب بـۆ کـاریگەرییە چالاکەکـانی ئەم جـۆرە دیـاردە کۆمەڵایەتیـــانەش لە درێژایـــی مێـــژوودا بکەیـــن. ئەگەرچـــی زۆربەی هەڵچـــوونە کۆمەڵایەتییەکــان کە گــۆڕاون بــۆ ئاراســتەی کۆمەڵــایەتی و دوای ســەقامگیربوون و پەرەسەندن گوازراونەتەوە بۆ کایەی فیزیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و لەو رێیەوە پەیتا پەیتا بـۆ لایەنە مادییەکانی کۆمەڵگا واتە مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتیشیان گواستۆتەوە .